# نووسین و شیکردنەوەی لید لە رۆژنامە و گۆڤاری کوردی دا

توێژینەوەیەکی زانستی مەیدانییە بەمەبەستی

باشترکردنی ڕاگەیاندنی کوردی نووسراوە

**د. مەغدید خدر ئەحمەد سەپان**

زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب – بەشی ڕاگەیاندن

sapanov@hotmail.com

## پوختەی لێکۆڵینەوە

نووسین و دانانی لید بۆ تەواوی ژانرەکانی رۆژنامەوانی بەشێوەیەکی گشتی و بۆ ژانرە هەواڵییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی، جگە لەوەی زۆر پێویستە، یارمەتی زۆری خوێنەرانیش دەدات، زانیارییەکان ڕوونتر و راستر وەربگرن و ئاسانتریش لە نووسینەکان بگەن.

لەم لێکۆڵینەوەی ئێمە بەناوی: (نووسین و شیکردنەوەی لید لە رۆژنامە و گۆڤاری کوردی دا) بۆ ئەوەی وێنەیەکی راست و دروستی بارودۆخی ئەمڕۆی رۆژنامەگەری کوردی ئێستامان دەستبکەوێ و لەهەمان کاتیش بزانین تاچەند رۆژنامەنووسانی کورد، بۆ نووسینەکانیان لید بەشێوەی زانستی دەنووسن 12 رۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤاری کوردیمان بۆ توێژینەوەکەمان وەرگرتووە و ناوەرۆکی نووسینی لیدەکانمان شیکردۆتەوە. بۆ ئەوەی توێژینەوەکەمان دەوڵەمەندتر بکەین، کۆمەڵێك نموونەی نووسینی (لید) ی راستمان بۆ هەردووك جۆری پرێس (پرێسی زەرد و پرێسی جدی) نووسیوە. نووسین و بەراوردکردنی لیدی راست و چەوت، لەم بەرهەمەی ئێمە، دەبێتە یارمەتییێکی زۆر بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی دەیانەوێ لید بەشێوەیەکی دروست بۆ بەرهەمەکانیان بنووسن. لەبەر ئەوەی پێشتر لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر لید لە رۆژنامەگەری کوردی نەکراوە، ئەم بەرهەمەی ئێمە دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، بەتایبەتیش بۆئەوانەی دەیانەوێ راگەیاندنی کوردی بەرەو باشتر ببەن و لەم زۆری و بۆرییە و ناپسپۆرییەی ئێستا رزگاری بکەن.

# پێشەکی:

لە ساڵی 2010 نزیکەی 400 رۆژنامە و گۆڤار لە کوردستان دەردەچوون. دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامە و گۆڤار بەزمانی کوردی و بەتایبەتیش دوای راپەڕین، دیاردەیەکی تازەیە، بۆیەش راستەوخۆ کاری کردۆتە سەر چەندایەتی و چۆنایەتی راگەیاندنی کوردی.

توێژینەوەی ئێمە بەناوی: (نووسین و شیکردنەوەی لید لە رۆژنامە و گۆڤاری کوردی دا) بەو ئامانجە نووسراوە، لە داهاتوویێکی نزیك: خوێندنەوەی بابەتەکان ئاسان بێت، زانیاری پێویست ببەخشێ، بینینی چاو هیلاك نەکات و پەیام بەچاکتر و ئاسانتر بگات.

**گرنگی ئەو بەرهەمە** لەوەدایە، بابەتێکی هەنووکەییە و بۆ رۆژنامەگەری کوردی زۆر پێویستە بەتایبەتیش، تائێستا توێژینەوەی زانستی و تێر بەزمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام نەدراوە.

**ئامانجی نووسەر لەم توێژینەوەیە،** خزمەتکردنی ڕاگەیاندنی کوردییە، بۆ ئەوەی لەماوەیەکی نزیك ببینە خاوەن رۆژنامە و گۆڤاری: بەناوەڕۆك باشتر، نەخشەسازی چاکتر، تیراژی بەرزتر، کە بتوانێ بگاتە ئاستی هەرنەبێ رۆژنامەگەری وڵاتانی دراوسێ.

**ئەم توێژینەوەیە** لە پێشەکی و دوو بەش لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم، بە شێوەیەکی گشتی تیشك خراوەتە سەر چەمك و پێناسەی لید، لە بەشی دووەم باس لە نووسینی لید لەو رۆژنامە و گۆڤارانەی خوارەوە بەناوی: کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی هەولێر، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، هەفتەنامەی زاری کرمانجی، رۆژنامەی ئاسۆ، گۆڤاری هەفتانە، گۆڤاری سڤیل، گۆڤاری لڤین، گۆڤاری کۆوار لەگەڵ گۆڤاری وێ کراوە.

**مێتۆدی تیۆریای شیکردنەوەی ڕۆژنامەگەری**، لەم توێژینەوەیە بەکار هاتووە و بۆ نووسینیشی سوود لە کۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگ بە زمانەکانی: روسی، سوێدی، ئینگلیزی و کوردی وەرگیراوە.

سەردێری بەرهەمەکانم لەنێوان //...// ئەم هێڵانە داناوە و ئەگەر (—) هەبێت، دەکاتە دێری دووەمی سەردێر و کۆپلەی وەرگیراویش لەناو ئەم جۆرە () کەوانە بێدەستکاری داندراوە. فۆنتی رەشم بۆ سەردێرەکان هەڵبژاردووە. زۆر لەو نموونانەی لە بەشی یەکەم هەن، تەنیا بۆ تێگەیشتن نووسراون و لە هیچ سەرچاوەیەك وەرنەگیراون، بۆیە لەناو کەوانە وشەی (توێژەر)م نووسیوە. لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان ژمارەیەکم لەتەنیشت کۆپلەی وەرگیراو لەناو ئەمجۆرە "" کەوانە داناوە. دەکرا بەجۆری دیکەش ئاماژە بەسەرچاوەکان کرابا، من ئەوەم لا باشتر و ئاسانتر بوو.

# بەشی یەکەم

## چەمك و پێناسەی لید لە رۆژنامە و گۆڤاردا

### 1-1 پێناسەی لید:

**لید:** بەو چەند وشە یان ڕستەیە دەگوترێ کەلەنێوان سەردێر و تێکستی سەرەکی هەیە.

**لید:** لەوشەی **Lead** ی ئینگلیزی وەرگیراوە و بە کوردی دەکاتە: سەر، سەرەك یان سەرۆك. وشەی لید، بە زمانی ئینگلیزی ئەمریکی بۆ راگەیاندن، بەدەستپێکی نووسین، پێشەکی یان کۆپلەی یەکەم دەگوترێ.

**لید:** گرنگترین بڕگەیە لە چیرۆکدا و دەکرێت وا لە خوێنەر بکات تا کۆتایی بە دوایدا بچێت، یان دەست لە خوێندنەوەی هەڵبگرێت و بەدوای وتارێکی دیکەدا بگەڕێت. "1"

**لید:** بۆئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆلای نووسینەکە ڕابکێشیت، هەستی ببزوێنیت و لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام بیت لیدی بۆ دەنووسیت. "2"

### 2-1 جۆرەکانی لید:

لەسەر لید و جۆرەکانی لید، پسپۆرانی بواری راگەیاندن، هەڵوەستەیان کردووە و لەسەریان نووسیوە.

+ پرۆفیسۆر ڤ.ڤ.ڤۆرۆشیلۆڤ مامۆستا لە فاکولتێتی رۆژنامەنووس شاری سانکت پیتر – بورگ، لە کتێبی (ڕۆژنامەنووس) لە لاپەڕە 218–221 لیدی بەسەر دوو جۆر: (لیدی رەق و لیدی نەرم) دابەش کردووە.

+ دێڤید راندالْ لە کتێبی: (ڕۆژنامەنووسی جیهانی) لە بەشی پێشەکییە بەراییەکان (لید) لاپەڕە 395–418 ئەمجۆرانەی خوارەوەی (لید)ی نووسیوە: گێرانەوەیی، چیرۆك، دواخستنی رووداوی سەرەکی، یەك رستەیی، پوختە، دەستەواژەی نامۆ، شۆکهێنەر، دیمەنی ئامادەکراو، پرسیار، گاڵتە، فەلسەفی، مێژوویی، ساختە.

+ عەبدولخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان رەحمان لە لاپەڕە 49 – 54. لە کتێبی (کارامەییەکانی نووسین لە رۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنی)، لیدیان بەسەر ئەمجۆرانەی خوارەوە دابەش کردووە: راستەوخۆ، وەسفی، کورتکراوە، لێوەرگرتن، پرسیاری، پەسندکردن، دەرخستنی جیاوازی، ڕاچەڵەکێنەر، خوازەیی، گفتوگۆیی، نموونە هێنانەوە وپەندئامێز، مرۆیی.

لەبەر ئەوەی زمانی راگەیاندنی کوردی جاریَ بەتەواوی نەچەسپاوە، وشە و دەستەواژەی جیا بۆ لید و جۆرەکانی بەکارهاتووین. ئەوانەی سەرەوە هەموویان لە راگەیاندن هەن، بەڵام لە جەوهەردا، لید وەك پرۆفیسۆر ڤ.ڤ.ڤەرۆشیلۆڤ ئاماژەی پێکردووە، دوو جۆری هەیە، ئەویش لیدی توند (رەق) و لیدی نەرمە.

1-2-1 **لیدی توند یان (رەق):** بەو نووسینانە دەگوتریَ، کە فاکتی گرنگ یان سەرەکی تێیدا بەکار دەهێندریَ و لەسەر بنەمای ئەویش ڕێپۆرتاژ یان نووسینی هەواڵی دەنووسریَ. (نموونەیەك لە نووسینی لیدی رەق: لە کۆبوونەوەی ئاسایی دوێنیَ، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا 10 هەزار خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدانی دۆڵی هیران و نازەنین لە نێوان شەقڵاوە و هیران دروست بکا).(توێژەر)

2-2-1 **لیدی نەرم:** بەوردی باس لە بابەتێکی دیار ناکات و نەخشەی گشتی (عام)ی نووسینەکە دەدات. (نموونەیەك لە نووسینی لیدی نەرم: وەزیری پێشمەگە لە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی بۆ کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس گوتی: ئێمە بەرنامەمان هەیە، لە چوار ساڵی داهاتوو هەموو پێشمەرگەیەکی کوردستان لە خانووی خۆی بژیت).(توێژەر). دەکریَ بەمشێوەی خوارەوە درێژە نووسینەکە بدریَ:

ئەم بڕیارەی وەزیری پێشمەرگە لەناکاو نەبوو، بەڵکو پاش زنجیرەیەك خۆپیشاندانی پێشمەرگەی کوردستان بوو، کە داوای گوزەران خۆشکردنیان دەکرد. هێزی پێشمەرگە لەو بڕوایەدابوون، حکومەتی هەرێم وەك پێویست کاری بۆ خۆشترکردنی ژیانی ئەوان

نەکردووە، بەتایبەتیش کە ئەوانن، کوردستان لە هێرشی دەرەکی دەپارێزن و بەرهەمی ئەوانە، کورد لە کوردستان خاوەنی حکومەتی هەرێمی خۆیەتی...

## 3-1 بنەماکانی نووسینی لید:

لە نووسینی لید پێویستە وەڵامی شەش پرسیارە سەرەکییە: (***who*** – کێ)، (***what*** – چ)، (***where*** – لە کوێ)، ( ***when*** - کەی)، ( ***how*** - چۆن) لەگەڵ (***why*** – بۆچی) تێدابێت، بەڵام ئەگەر وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی سەرەوە نەبێت، ناکاتە ئەوەی، نووسینەکە خراپە و شایەنی بڵاوکردنەوە نییە، لەگەڵ ئەمەش، پێویستە وەڵامی چوار پرسیاری یەکەم لە لید هەبێ.

بۆیەکەمجار لە مێژووی رۆژنامەگەری جیهان، نووسین و بیرکردنەوە لە وەڵامی ئەم شەش پرسیارەی سەرەوە لەلایەن **Joseph *Rudyard* Kipling (**1865 – 1936**)** نووسرا. "3"

لەکاتی نووسینی لید پێویستە رۆژنامەنووس بیر لە کۆمەڵێك شت بکاتەوە وەك:

– ئایا بابەتەکە نوێیە یان نوێ نییە؟ ئەگەر رووداوەکە دوێنێ روویدابێت، چۆن وای لێدەکەیت، ئەمرۆش خوێندنەوەی ئاسان بێت و گرنگی خۆی لەدەست نەدابێت و هێشتا سەرنجراکێش بێت...

– ئایا رووداوەکە ئاسانە یان یان ئاڵۆزە؟ ئەگەر ئاڵۆز بێت، چۆن لەرێگای دانانی لید بۆ خوێنەران هەندێك لە وردەکارییەکانی شیدەکەیتەوە...

– ئایا ئامانج لە نووسینی لید، بایەخدانە بە مرۆڤ یان زەقکردنەوە و گەورەکردنی رووداوەکەیە؟ لێرە رۆژنامەنووس پێوستە بریاری دابێت، کە چ بەلای ئەوەوە گرنگە، بۆئەوەی لید لەسەر ئەو بنووسێت.

– رۆژنامەنووس دەبێ بزانێ ئەو جۆرە لیدەی ئەو نووسیویەتی چەند کار لە خوێنەر دەکات و تا چەندیش بۆ خوێنەر گرنگە؟ بۆ ئەوەی لەمجۆرە لیدە بنووسرێ، دەبێ رۆژنامەنووس بزانی رۆژنامەکەی چ جۆرە گروپ و کەسێك دەیخوێنێتەوە.

– رۆژنامەنووس دەتوانێ لید لە شێوەی گێرانەوەی مێژوویی (کرۆنۆلۆگی)ش بنووسێ. لێرە مەبەست، لەنووسینی ئەمجۆرە لیدە، باسکردنی ڕووداوەکانە بەشێوەی یەك لەدوای یەك و مێژووییە.

نووسین و دانانی لید لەو کاتە دەبێ، کە گوتار هەیە و نووسراوە یان هەر بەرهەمێکی رۆژنامەنووسی بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەیە، لێرە پرسیارێك بەرز دەبێتەوە، چۆن بەشێوەیەکی باش گوتار بنووسین؟

لە نووسینی گوتار سێ پرسیار پێویستە بیریان لێبکرێتەوە:

– لید چۆن دەبێت؟

– چۆن دەچیتە ناو بابەتەکە؟

– نووسینەکەت بە کەسی دووەم یان سێیەم دەستپێبکەیت..."4"

## 4-1 **شێوەکانی نووسینی لید:**

رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو بەردەوام بەرنامەی بۆ چۆنێتی داڕشتنی نووسینی خۆی هەیە و وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێیکرد هەمیشە سێ پرسیار لای بەرز دەبێتەوە:

– چ جۆرە لیدێکی بۆ دابندرێ؟

– بە چ شێوەیەك دەربڕیت؟

– لە کەسی یەکەمەوە یان کەسی سێیەمەوە نووسینەکە بنووسرێ؟

لیدی کورتە هەواڵ پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانەی تێدابێت:

کێ؟، چی؟، لەکوێندەر؟، کەی؟ لە کۆپلەکانی دواتر وەڵامی دوو پرسیارەکەی دیکە بۆچی و چۆن؟ دەدەیتەوە. لە نووسینی گوتاری شیکاری پێویستە رۆڵی گوتار باس بکرێ. گرنگترین یان هەوێنی بیرۆکە یان نووسینەکە لە لید بنووسرێ."5"

بۆ بەهێزکردنی گوتاری هەواڵی رۆژنامەنووس پێویستە، ئەم خاڵانەی خوارەوە بە باشی رەچاو بکات:

– له خاڵی یەکەم، یان له لید، هەوێن یان کاکلی نووسینەکە دەخرێتە ڕوو، له کۆپلەی دووەم ئەگەر نووسینەکە بۆ نموونە لەسەر هەڵبژاردن بێت، شیدەکەیتەوە، بەوەی بۆچی ئەوەندە کەم یان زۆر دەنگ هات، یان بۆچی ئەو بڕە پارەیە بۆ بردنەوە پێویستە...

له نووسینی لید بۆ کورتە هەواڵ و گوتاری هەواڵی، لەوانەیە له ڕستەی یەکەمی تەنیا شوێنی وەڵامی کێ، کەی، لەگەڵ لەکوێ دەبێتەوە، بۆیە دەکرێ پرسیاری چۆن لەگەڵ بۆچی دواتر وەڵامیان بدرێتەوە."6" هەروەها زۆر گرنگە له کاتی نووسینی لید لەیەك فاکتی بەهێز زۆرتر نەنووسرێ، بۆئەوەی خوێنەر زانیاری زیادی بەدەست نەگات و دوای خوێندنەوەی لید، وازنەهێنێ و لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بێت، بۆیە چاکە لید درێژ نەبێت. (نموونە: حکومەت بڕیاریداوە ڕێگای هەولێر و کۆیە بکاتە دووساید، دە هەزار خانوو بۆ شەهیدان دروست بکات، گوندی زانکۆ دەستپێبکات...هتد، لێرە تەنیا یەك لەو کارانەی حکومەت پێویستە له لید ئاماژەی پێبکرێ (توێژەر)).

له کاتی وەرگرتنی چاوپێکەوتن دەکرێ هەوێنی قسەکان یان کۆپلەیەك له وتەکانی قارەمانی چاوپێکەوتن وەربگیرێ و له شوێنی لید دابندرێ. لید دەکرێ بەشێوەی زەق و دراماتیکی  بنووسرێ، بۆیەش له ڕۆژنامەی ئێواران و زەرد زیاتر کێشە (کەیس) یان بابەتەکان زەق و گەورە دەکرێن.

بۆ نووسینی لید ڕەوایە، تراگێدیای ڕووداوەکانیش بنووسرێ وەك بۆ نموونە:

(دوێنێ پاش نیوەڕۆ پاسێکی 40 نەفەری له لۆفەکانی هاوینەهەواری پیرمام وەرگەڕا، 25 کەس دەستبەجێ گیانیان لەدەستدا و 15ش ئێستا خەبات بۆ مانەوەیان له نەخۆشخانەی رزگاری له هەولێر دەکەن. هەموو ئەوانەی لەناو پاسەکە بوون، خەڵکی باشوری ئێراقن و بۆ بەسەربردنی جەژنی ڕەمەزان بۆ کوردستان هاتبوون. پێش شەش مانگ لەهەمان شوێن پاسێکی ئێرانی وەرگەڕا و ئەوجاریش 20 کەس مردن. لێژنەیەك

لەسەر داوای د. بەرهەم سالح بۆ بەدواداچوون لە خۆی و چوار ئەندام پێکهاتووە). (توێژەر).

باشە لە نووسینی لید ڕەچاوی تایبەتمەندی کەس بکرێ بۆ نموونە: ڕفاندن و کوشتنی قوتابی و ڕۆژنامەنووسی کورد سەردەشت عوسمان لەبەردەم کۆلێژی ئاداب، لە هەفتەی ڕابردوو، جگە لەوەی تەواوی قوتابییان و ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی تووڕە کردووە، سەرئێشەی زۆریشی بۆ حکومەتی هەرێم دروست کردووە. (توێژەر). وەك لەم نموونەیەی سەرەوە هاتووە پێویستە: فاکت، داتا، شوێنی ڕووداو لەگەڵ هۆکەی ڕەچاو بکرێ.

دەکرێ لید بە چەند وشەیەکیش بنووسرێ، بەڵام باشترە ئەگەر وشەکان ڕوونبکرێنەوە. پێویستە لە ڕستەی یەکەم، گرنگترین زانیاری هەبێت، بەڵام وشەی کورتکراوە نابێ لە لید بنووسرێ. "7"

ڕۆژنامەنووس لەکاتی نووسینی لید پێویستە وریا بێت و تەواوی زانیارییەکان نەنووسێت، تا خوێنەر دەست لە خوێندنەوەی گوتار یان تێکستەکە هەڵبگرێ و نووسینە سەرەکییەکە پشتگوێ بخرێ.

ئەوانەی تازە خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسین، هەوڵدەدەن لە کۆپلەی یەکەم زۆرترین زانیاری بدەن، ئەمەش هەڵەیە هەربۆنموونە: (دوێنێ پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر پێشنیازی حکومەت بۆ بەرزکردنەوەی مووچەی مامۆستایانی زانکۆ بەرێژەی 10٪ پەسند کرد. ئەم بڕیارە لەئەنجامی زنجیرەك خۆپیشاندانی مامۆستایانی کوردستان بوو، کە نزیکەی شەش مانگ لەبەر کەمی مووچە وانەیان بە قوتابییان نەدەگوتەوە)(توێژەر).

باشترە لید زانیاری بدات لەوەی شێوە ئاژاوەنانەوە (سێنساسیۆن)ی بێت. لێرە دەکرێ، هەمان نموونەی لیدی سەرەوە وەك خۆی دابنێینەوە. ئەگەر لە شێوەی زەقکردنەوە و ئاژاوەنانەوە بۆ پرێسی زەرد بێت، لید بەو شێوەیە دەنووسرێ: شەش

مانگە مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان، یەك وانەیان بە هیچ قوتابییەك نەگوتۆتەوە.

چوار هەفتەیە دەرگای زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان داخراون و ڕێگا بە قوتابییان نادرێ بۆ هۆڵی خوێندن یان گۆرەپانی زانکۆ بچن. ئەم یەك هەڵوێستیەی مامۆستایان، پەرلەمان و حکومەتیان ناچار کرد، مووچەیان بە ڕێژەی 10٪ بەرزبکرێتەوە. (توێژەر).

هەندێك لەرۆژنامەنووسان پاش نووسینی لید زۆر بیردەکەنەوە، بەوەی چۆن ئەو زانیارییانەی ماوە، شوێنی بکەنەوە. بەڵام بۆ رۆژنامەنووسانی خاوەن ئەزموون گران نییە و تەنیا گرێدانی کۆپلەکانە لەیەکتر، بۆئەوەی گوتارێکی باشی لێدەربچێ. بۆ دروستکردنی ئەم گوتارە باش و نایابەش، دەبێ و پێویستە پلان بۆ نووسین هەبێ.

لە نووسینی هەواڵ و گوتاری هەواڵی، لید بەشێوەی هەرەمی هەڵگەراوەیە. ئەوەی زۆر تازەیە و زۆر گرنگە لە پێشەوە دادەندرێ، دواتر ئەوەی کەمتر گرنگە و دواتریش فاکتە سەرنجراکێشەکان دادەنێیت. ئەم شێوە نووسینەی سەرەوە، خوێندنەوەی ئاسان و خۆشە.

ئەوانەی تازە کەوتوونەتە ناو ڕاگەیاندن و جارێ لێی پسپۆر نین، هەڵەی گەورە لەکاتی نووسینی لید دەکەن، هەربۆنموونە: لەنووسینی گوتار یان چاوپێکەوتن لەسەر نەبوونی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، بەمشێوەیەی خوارەوە ئەوان لید دەنووسن: (لەبەرچی حکومەتی هەرێم تا ئێستا نەیتووانیوە کێشەی کارەبا بەشێوەی پێویست چارەسەر بکات؟ ئەمە پرسیاری یەکەم بوو، ئێمە لە وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێممان کرد و ئەویش لەوەڵامدا گوتی: حکومەتی هەرێم نەیتوانیووە ئەم کێشە گرنگە چارەسەر بکات چونکە: نەبوونی پارەی پێویست بۆ ئەم پرۆژە گەورەیە، هەبوونی ئابلۆقەی ئابووری جیهانی و وڵاتانی دراوسێ، شەڕی ناوەخۆ...هتد بوونە هۆی مەزن، کە حکومەت نەتوانێ بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێ. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی لە ماوەی 19 ساڵ نەتووانین کێشەی کارەبا لە کوردستان بنبڕ بکەین.) (توێژەر). لە

هەمان کاتدا، رۆژنامەنووسی پسپۆر و خاوەن ئەزموون، بەمشێوەی خوارەوە هەمان لیدی دەنووسی: (نەبوونی پارەی پێویست، هەبوونی ئابلۆقەی ئابووری جیهانی و وڵاتانی دراوسێ، شەڕی ناوەخۆ، هۆی گەورە بوون، کە حکومەتی کوردستان نەتوانێ بەئەرکی سەرشانی خۆی وەك پێویست هەڵبستێ... ئەمانەی سەرەوە گرفتی گەورە بوون لەبەردەم ئێمە، کە نەتوانین بەسەر ئەم کێشەیە زاڵ بین، ئەمەی سەرەوە وەزیری کارەبا لە چاوپێکەوتنی ئێمە گوتی). (توێژەر).

### 5-1 ئەو هەنگاوانەی پێش نووسینی لید پێویستە بیریان لێبکرێتەوە:

**هێنانەوەی نموونەیەك:**

**کەس:** بۆ نموونە کوشتنی ژنێك

**فاکت:** کوژران لە ئەنجامی دڵپیسی روویدا

**داتا:** کەی روویدا، لە 8-9-2010

**شوێنی رووداو:** گەڕەکی تەیراوە – هەولێر

**هۆی رووداوەکە:** گرتنی فیلمی ژنەکە لەگەڵ پیاوێك و بڵاوکردنەوە لە مۆبایل

**پرۆسە رووداوەکە:** پاش ئەوەی دوو هەفتە گفتوگۆ و موفاوەزات لەگەڵ مێردی ژنە کرا... (توێژەر).

لە نووسینی لید، هەموو کاتێك رۆژنامەنووس لە دارشتنی پێویستە بیر لە چۆنێتی وەڵامدانەوەی شەش پرسیارەکە بکاتەوە و ریزبەندی وەڵامەکانش بۆ دارشتنی باش زۆر گرنگن.

### 6-1 ئامانج لە نووسینی لید:

– ئامانج لە هەموو پێشەکییەکان (لیدەکان) خۆی لەدەس بەسەرداگرتنی خوێنەران و بزواندنی بایەخەکانیانە تا رادەی ئارەزووی بەهێز بۆ بەردەوامی خوێندنەوەکە دروست بکەن. "8"

– ئامانج له نووسینی لید، ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرە بۆ خوێندنەوەی نووسینەکە، بۆیەش له فۆنتی سەردێر و تێکستی نووسین جیا دەکرێتەوە و خوێنەر بە ئاسانی ئەو پارچە نووسینەی دەکەوێتە بەر چاوی. ئەگەر لید پسپۆرانه نووسرابێت، زۆربەی هەرەزۆری خوێنەران تەواوی تێکستەکە دەخوێننەوە و هەستناکەن فێڵیان لێکراوە.

## 7-1 ڕاسپاردە و مەرجەکانی نووسینی لید:

لەکاتی نووسینی لید، ڕۆژنامەنووس پێویستە بزانێ، ئایا ئەو بەرهەمەی ئەو دەینووسی، تازەیە و پێشتر هیچی لەسەر نووسراوە یان نە نووسراوە، ئەگەر زانیارییەکان نوێ بن، پێویستە ئەوانەی زۆر گرنگن له لید دابندرێ، بۆئەوەی ئاسانتر و زووتر ببیندرێن.

جگە لەوەی سەرەوە ڕۆژنامەنووس دەبێ بزانێ:

– لەو نووسینە مرۆڤ خاڵی سەرکییە یان ڕوداوەکە.

– تا چەند بۆ خوێنەر ئەم بابەتە گرنگە.

– تا چەند خوێنەر زانیاری لەسەر ئەم بابەتە هەیە.

– له لید پێویستە تەنیا یەك زانیاری (فاکت)ی گرنگ هەبێت..."9"

– لید بە شێوەیەکی گشتی باشە له 20-25 وشە پێکبێت، بەڵام له هەندێك ڕۆژنامەی ئەمریکی و بەتایبەتیش، ڕۆژنامەی نیۆ یۆرك تایمس درێژتر دەنووسن و وەڵامی هەر شەش پرسیارەکە لەلید هەیە. له لیدی هەواڵ یان گوتاری هەواڵی، دەشێ لید بە 30 – 40 وشەش بنووسرێ.

– باشترە لید زانیاری بدات، لەوەی ڕووداوەکە گەورە بکات و خەریکی ئاژاوەنانەوە بێت، وەك له پرێسی زەرد دەینووسن و کاریپێدەکەن.

وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێیکرد، لید بەگشتی کۆپلەیەك یان چەند کۆپلەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام له هەواڵ و گوتاری کورت، کاری زیاتر بەخشینی زانیارییە، بۆیە لەنووسینە سەرەکییەکە دووبارە نابێتەوە.

**فۆنتی لید:** له فۆنتی سه‌ردێر بچوکتره و له فۆنتی گوتار یان ناوه‌ڕۆك که‌مێك گه‌وره‌تره و بۆ ئه‌وه‌ی له تێکستی سه‌ره‌کیش جیا بکرێته‌وه، ره‌ش یان قه‌ڵه‌وی ده‌که‌ن.

لید جگه له گۆشه، نامه له‌گه‌ڵ ئه‌و نووسینانه‌ی رای رۆژنامه‌نووس به ئاشکرا ده‌رده‌بڕن، پێویسته بۆ هه‌موو نووسین یان ژانره‌کانی دیکه‌ی ڕۆژنامه‌وانی دابندرێ، به‌ڵام له ژانرێك بۆ ژانرێکی دیکه شێوه‌ی نووسینی جیایه. بۆ گوتار، ڕێپۆرتاژ، چاوپێکه‌وتن یان هه‌موو نووسینه تێر و درێژه‌کان له رۆژنامه و گۆڤار و ماڵپه‌ره‌کانی ئه‌لیکترۆنی، لید وه‌ك کۆپله‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ داده‌ندرێ و له‌کورته هه‌واڵیش سه‌ره‌تای نووسین به‌لید ده‌ستپێده‌کات.

# بەشی دووەم

# نووسینی لید لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا

## 2-1 نووسینی لید لە رۆژنامەگەری کوردیدا

لە رۆژنامەگەری کوردی بەشێوەیەکی گشتی و ژانرە هەواڵییەکانیش بەتایبەتی: هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، گوتار، ئینتەرڤیو...هتد لید بایەخی پێنەدراوە. ئەم بایەخپێنەدانە و پشتگوێخستنە، راگەیاندنی کوردی لە بەپسپۆرکردن دوور کردۆتەوە، لاوازی کردووە، خوێنەری کەمکردۆتەوە و تیراژی رۆژنامەکانی لە نزمی ڕاگرتووە... لەلایەکی دیکەش نەنووسین و بایەخ نەدان و پیشتگوێخستنی لید، بەشێوەیکی زانستی، پیشانی دەدات، کە زۆربەی ئەوانەی لە رۆژنامەگەری کوردی کار دەکەن، لە ڕێی ئەدەب و هونەرەوە هاتوونەتە ئەم بووارە و زانیارییان لەسەر شێوەی نووسینی ژانرەکانی رۆژنامەوانی و راگەیاندن زۆر کەمە.

ئەگەر قوڵتریش بیربکەینەوە تێدەگەین، بایەخ نەدان بە دانانی لید، زیاتر لەبەر نەبوون یان بەشنەکردنی کادری پیسپرۆ و ئەکادیمییە. ژمارەی دەرچووانی بەشی راگەیاندنی پەیمانگا و زانکۆکان، زۆر کەمترە لەوانەی کاری رۆژنامەنووسی دەکەن، لە هەمان کات، هەبوونی زیاد لە 400 ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردی، جگە لە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان، دەیان ئێزگەی رادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی و ئاسمانی، بۆتە هۆی ئەوەی کەسانی ناشارەزا و کەم ئەزموون لە راگەیاندن، رۆڵی سەرەکییان هەبێت، بۆیە زۆر لەوان هەر نازانن، لید چییە و چۆن دەنووسرێ و بۆچیش دانانی گرنگ و پێویستە.

نەنووسینی لید راگەیاندنی کوردی، لاواز کردووە و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان نەیانتوانیووە بەرهەمی باش بخەنە بەردەست خوێنەرانی خۆیان، ئەمەش هۆیەکی گرنگە، کە تیراژی رۆژنامەو گۆڤار نزم بێت و نەتوانن خەرجی خۆیان دەستکەوێتەوە.

وەرنەگرتنەوەی خەرجی و قازانج نەکردن، راگەیاندنی کوردی لە بێلایەنی و ئازادی دوور کردۆتەوە و سەرنووسەرانی ناچار کردووە، هانا وەبەر کەسانی بەرپرس و دەوڵەمەند ببەن، کە هەرئەوانیشن بڕیار لەسەر ناوەرۆك دەدەن. ئەمەش هۆی گرنگە، لە کوردستان راگەیاندن نەتوانێ کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەبێت، ڕا لەسەر پرسیاری پێویست دروست بکات و ببێتە دەستەڵاتی چوار و لەکاتی پێویست خەڵك بهێنێتە سەر شەقام.

نەنووسینی لید دەکاتە: تێنەگەیشتن لە راگەیاندن، تێنەگەیشتن لە گرنگی رۆلی خوێنەر بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم و بەرزکردنەوەی تیراژ و گەیاندنی پەیام.

وەنەبێ لید بەهیچ شێوەیەك و لە هیچ نووسینێکی کوردی نەنووسرابێ، بەڵکو جار بەجار کۆپلەیەك لە هەندێك رۆژنامە و گۆڤار بەرچاو دەکەوێ، لەوانەیە ئەوانەی ئەم کۆپلەیە دەنووسن، یان دایدەنێن، لەوبڕوایەدابن، نووسینی لید دەبێ، بەمشێوەیە بێ، بەڵام ئەگەر وردتر بیری لێبکەنەوە و ئەوانەی لەشێوەی لید نووسراین، لەگەڵ لید لە رۆژنامە و گۆڤارە بیانییەکان بەراوردی بکەین، زوو تێدەگەین، لید بەمشێوەیە نانووسرێ و ئەو کەسەی ئەم کۆپلەیەشی داناوە، ئاگاداری شێوەی دانانی لید بە شێوەیەکی زانستی نییە.

لید لە رۆژنامەکانی سوێدی **Svenska dagbladet, Aftonbladet, City** لەگەڵ زۆربەی رۆژنامەکانی دیکە، لەنێوان 20 تا 35 وشەیە، زۆر بەدەگمەن کەمێك زیاتر یان کەمتر دەنووسرێ. "10"

لە خوارەوە دەستپێکی هەندێك نووسین لە رۆژنامە و گۆڤاری کوردی وەك خۆی دەنووسینەوە و هەندێك لەوانیش سەرلەنوێ و بەشێوەی راست دادەڕێژینەوە، بۆ ئەوەی تێبگەین، لید پێویستە چۆن بنووسرێ لەهەمان کات، ئاماژە بە باشی یان خراپی سەردێریش دەکەین، چونکە ئەوەی لە سەردێر دەنووسرێ، لەراستیدا پێویست ناکات لە لید دووبارە ببێتەوە.

## 2-2 **رۆژنامەی کوردستانی نویٚ:**

//**بەسرە بڕیاریدا، کوت بەڕیٚوەیە، سوننەش بیری لیٚدەکاتەوە- فیدرالییەکەی کوردستان تەنیا نییە** – بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم لەم نووسینەی سەرەوە سەر سەردێرە و دوواتریش بەمشێوەیە دەستپێدەکات.// (دوای ئەوەی لەبەسرە ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە بەتێکرای دەنگ پرۆژەی فیدرالی پارێزگاکەیان پەسندکرد، بریاریشە ئەنجومەنی پارێزگای واست (کوت) لەدانیشتنی داهاتوویاندا گفتوگۆ لەسەر پێکهێنانی هەرێمێکی سەربەخۆ بکەن و چاودێرانیش ئەم هەنگاوانە بەهەنگاوی چەسپاندنی فیدرالی لە عێراقدا وەسفدەکەن). "11"

ئەم نووسینەی سەرەوە، لەسەر سەرەوەی ژمارەی ئەورۆژ داندراوە، ئەمەش دەکاتە ئەوەی، گرنگترین گوتاری رۆژە، لەگەڵ ئەمەش، سەر سەردێر بەمشێوەیە نانووسریٚ و سەردێریش پێویستە، ڕوون و ئاشکرا بێت، بیرۆکەی خوێنەر پەرش و بڵاو نەکات، زوو تێیبگەینیت و پەیامی ڕوون و ئاشکرا بێت.

سەردێری ئەم گوتارە بەمشێوەیە: /**فیدرالییەکەی کوردستان تەنیا نییە**/ ئەگەر رۆژنامەنووسێکی پسپۆریان بۆ نووسینی سەردێری ئەم گوتارە راسپاردبا، یەك لەم جۆرەی خوارەوەی دەنووسی: (بەسرە داوای جیابوونەوە دەکات، بەسرە کار بۆ فیدرالییەت دەکات، بەسرە بڕیاری جیابوونەوەی دا...) ئەم نووسینە دەربارەی بریاری ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە بۆ فیدرالییەت نووسراوە، بۆیە هیچ پێویست نەبوو، لەگەڵ شارەکانی دیکە تێکەڵ بکریٚ، جگە لەمە، لە نووسینی سەردێر، پێویست ناکات رای کەسی دیکە وەربگیریٚ... ئەگەر دەستەی نووسەران ئەم بڕیارەیان لا گرنگە، دەبوا داوا لە مافناسێك بکەن، گوتارەکەیان بۆ بنووسیٚ، یانیش سوود لە زانیاری مافناس بۆ نووسینی ئەو گوتار وەربگرن. لەم نووسینە، ئەگەر سەر سەردێر خراپ بێت، سەردێر خراپ بێت و تەواوی نووسینەکە باش نەبێت، بێشك ناکریٚ چاوەڕێی لیدی باش بکریٚ. لەم لیدەی سەرەوە وڵامی هەرچوار پرسیار دیار نییە، بەڵکو تەنیا وەڵامی سیٚ پرسیار

هەیە: کێ بڕیاری دا؟ ئەنجوومەنی پارێزکا، چیان بڕیار دا؟ فیدرالییەت. لە کوێ؟ لە شاری بەسرە. وەڵامی سێ پرسیار بۆ نووسینی لید لێرە و لەم ڕووداوە گرنگە بەش ناکات و پێویستە بەلای کەم وەڵامی چوار پرسیار هەبێت. لێرە وەڵامی کەی تێدا نییە، بۆ ئەم نووسینە زۆر گرنگە، بۆئەوەی خوێنەرانی کورد بزانن کەی ئەم بڕیارە دراوە. ئاماژە نەکراوە بەوەی، چۆن دەزانن ئەنجومەنی پارێزگای کوت، بەنیازی بڕیارێکی لەمشێوەیەیە... ئەوەی بۆ ڕۆژنامەنووس ڕوونە هیچ مەرج نییە بۆ خوێنەر ڕوون و ئاشکرا بێت. جگە لەم تێبینیانەی سەرەوە، بە خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە، ئەگەر تێکستەکەش نەخوێنیتەوە، تەواوی زانیاریت دەستدەکەوێ و دەزانی ناوەرۆکی ئەم گوتارە چۆنە. بۆ ئەوەی خوێنەر لید لە تێکست و سەردێر جیابکاتەوە، پێویستە فۆنتەکەی ڕەش بکرێ و یەك کۆپلەش نەبێت، بەڵکو دەکرێ بە دوو یان زیاتر کۆپلەی کورت بنووسرێ. لید مەرج نییە، هەمووی لەیەك کۆپلە بنووسرێ. "12" و بەڵکو چاکترە لە دوو سێ کۆپلە و هەر کۆپلەیەکیش لە دوو سێ دێری کورت پێکهاتبێت.

//**گفتوگۆ لەبارەی کۆنگرەی مامۆستایانەوە کرا** – سەردێر// (عیماد ئەحمەد ئەرکی مامۆستایانی لەپێشخستنی کۆمەڵگە و پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروست بەگرنگ وەسفکرد). "13" ئەگەر هەواڵەکە هەمووی بخوێنینەوە دەبینین، کۆپلەیی یەکەم جگە لەوەی لە لید ناکات زۆر زیادیشە، بۆ لید باشتربوو کۆپلەی دووەم داندرابا: (دوێنێ، 2010-10-13 لە قەڵاچۆلان عیماد ئەحمەد لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی ی.ن.ك. لەگەڵ ژمارەیەك لە مامۆستایانی سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی....) (ئەم کۆپلەیە بە 73 وشە نووسرایە، بە پێویست نازانین لێرە هەمووی بنووسینەوە)، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە، شوێن پێش کەس کەوتووە، لەکاتێکدا کەس و کۆبوونەوە و بڕیارەکانی کۆبونەوە گرنگن، کە دەبێتە هۆی گوزەرانخۆشکردنی ژیانی مامۆستایان، لەشوێنی کۆبوونەوە (قەڵاچۆلان). ئەمە لە نووسینی لید بە هەڵە دادەندرێت. "ئەوانەی تازە دەست بەکاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن یان زۆر شارەزانین، سەرچاوەکان بایەخی

زۆریان پێدەدەن و دواتریش هەواڵ بە پلەی دووەم دێت. "14" جگە لەمانە، پێویست بوو، فۆنتی رەش کرابا و کۆپەلەکەش پارچە پارچە و بەسەر چەند رستەیەك دابەشکرابا.

// **دوای دوو ساڵ لەشکاندنی وێستگەکانی پاس، منداڵێك دەستگیر کرا** — سەردێر// (دوێنێ 13-10، پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە قەزای کۆیە مێرمنداڵێکی تەمەن 10 ساڵانیان بە تۆمەتی شکاندنی وێستگەکانی پاس دەستگیر کرد). "15"

ئەم نووسینە، زۆرباشە و دەکرێ، لەشێوەی لید بۆ هەواڵ دابندرێ، بەڵام ئەوەی رۆژنامەنووسی تووشی هەڵە کردووە، دووبارە نووسینەوەی ئەم کۆپلەیەی لە هەواڵەکە: (رۆژی 13-10 بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان، مێرمنداڵێکیان بەو تۆمەتە دەستگیر کرد...) ئەوەی لە لید دەنووسرێ، بەهیچ شێوەیەك نابێت، لە تێکستەکە وەك خۆی دووبارە بێتەوە، چونکە خوێنەر بێزار دەکات... تێبینییێکی دیکەی زمانەوانی، مرۆ لە تەمەنی 10 ساڵ منداڵە و مێرمنداڵ نییە !

// **خوێندنگەو قوتابخانەکان وەك زیندانیان لێدێت – جارێکی تر وەزارەتی پەروەردە وانەی میوزیك پشتگوێدەخات** — سەردێر// (مامۆستا تانیا فەرەیدون، پسپۆری وانەی میوزیك لە قوتابخانەی ئاسودەی بنەرەتی بە کوردستانی نوێی ڕایگەیاند:) (کۆپلەیەکە لە 27 دێر پێکهاتووە و 98 وشەیە"16" بۆ ئەم نووسینە لید دانەندراوە، بەڵام ئەگەر دەستەی نووسەران، کۆپلەی ناوەندی گوتارەکە بە لید دابنێن، لید بەمشێوەیە نابێت، بەتایبەتیش لید بە هیچ شێوەیەك بە 97 وشە نانووسرێ، چونکە پاش خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە، تەواوی زانیارییەکان ئاشکرا کراون.

### 3-2 رۆژنامەی هەولێر:

// **وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان وردەکاریی گرێبەستە نەوتییەکانی بە پەرلەمان داوە** — سەردێر//

(له کاردانەوەیەکدا بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵێك، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە پەرلەمانی کوردستان، (ئەڤین عومەر هەرکی) گوتی: وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وردەکاریی گرێبەستە نەوتییەکانی بە لیژنەی پیشەسازی و وزە داوە)."17" لەم نووسینە، لەلایەك سەردێر تەواوی مەبەستی هەواڵەکەی ئاشکرا کردووە، کە پێویست ناکات، بەمشێوەیە بنووسرێ. دانانی ئەو کۆپلەیەی لە شوێنی لید داندراوە، لید نییە، چونکە لید بەمشێوەیەش نانووسرێ و وەڵامی تەنیا سێ پرسیار دراوەتەوە: کێ قسەکەی کردووە؟ جێگری سەرۆکی لیژنەی وەزارەتی وزە... لەکوێ قسەکە کراوە؟ لە پەرلەمانی کوردستان... چ گوتراوە؟ وردەکاری گرێبەستەکە... بەڵام کەی ئەم قسەیە کراوە، دیار نییە و لەلایەکی دیکەش، هەندێك لە وشەکانی سەردێر دووبارە کراوەنەتەوە، ئەمەش هەڵەیە. لەدارشتنی ئەم هەواڵە، وشە و رستەی دووبارەکراوە زۆرە.

// **پارتی** 350 **پارچە زەوییە وەرگیراوەکە بۆ بنەماڵەی شەهیدان دەکات بە خانوو- لە هەڵەبجە ڕەمەکییانە زەوی بە هاووڵاتیان دراوە** – سەردێر// (هاوڵاتییەك، پێی وایە کە لە دابەشکردنی هەندێك لە زەوییەکانی هەڵەبجەدا، ڕەچاوی پێوەر نەکراوە و بە هەڕەمەکی بەسەر خەڵکدا دابەش کراون. دەریش کەوتووە کە چەندین زەوی زیاتر لە خاوەنێکیان هەیە و هەندێك کەسیش نازانن زەوییەکانیان دەکەوێتە کوێوە)."18"

تەواوی ئەو کۆپلەی لە شوێنی لید داندراوە هەڵەیە. پێویست بوو بەمشێوەیەی خوارەوە بنووسرابا: (پارتی دیموکراتی کوردستان لە نیسانی 2009 دا 350 پارچە زەوی بەسەر خانەوادەی شەهیدان لە هەڵەبجە دابەش کرد. لەبەر کۆمەڵێك هۆ، تائێستا ئەو زەویانە تاپۆ نەکراون. ئەم کێشەیە لەکاتی کڕین و فرۆشتنی زەوییەکان ئاشکرا بوو).

// **تا بودجەی عێراق دیاری نەکرێت، هەرێم ناتوانێ بودجەکەی پەسند بکات – بودجەی ساڵی داهاتووی هەرێم، هەر 17٪ یە** – سەردێر// (بودجەی خەملێندراوی ساڵی داهاتووی حکومەتی عێراق (102) ترلیۆن و (667) ملیار دینارە و، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراقیش، پێی وایە بودجەکە ئاڵوگۆری بەسەردا دێت و هەرێمی کوردستانیش وەکوو ساڵانی پێشوو 17٪ بەردەکەوێت و تا نەزاندرێت بڕی بودجەکە چەندە، ناتوانێت بودجەکەی خۆی پەسند بکات). کۆپلەی دووەم – (بریکاری وەزارەتی دارایی عێراقی فیدراڵ (فازیل نەبی)، بە ڕۆژنامەی "هەولێر"ی گوت کە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی داهاتوو، وەکوو ساڵانی پێشوو 17٪ی بودجەی گشتی عێراق دەبێت و ئەمەیش تا ئەوکاتەی ئەنجامی سەرژمێری بە تەواوی دیاری نەکرێت، ئاڵوگۆری بەسەردانایەت)."19"

لەم نووسینە، سەردێر و کۆپلەی یەکەم کۆپلەی دووەم زۆر درێژن، وشەو ڕستەی دووبارەشی زۆر تێدا. خوێنەر بە خوێندنەوەی تەواوی زانیارییەکان وەردەگرێت و هیچ پێویست ناکات هەمووی بخوێنێتەوە.

لە دانانی لید مەبەست، سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە بۆ ناو تێکستەکە نەك دوورکردنەوەی ئەو لە وەرگرتنی تەواوی زانیارییەکان. لێرە ڕۆژنامەنووس لەبەر دانانی سەردێرێکی درێژ و کۆپلەی یەکەم، نەیتوانیووە مەبەستی خۆی پسپۆرانە دەربڕێت.

// **ئەو کاتەی ئابووری دەبێتە دوژمنی ژینگە – پڕۆژە گەشتیاریەکان، جەرگی چیای (سۆرك)یان کون کون کرد** – سەردێر// (ڕۆژێك دەروێندرێن و ڕۆژێك دەبردرێن. هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی دارستان ئامادەنەبوو لەو بارەیەوە لێدوان بدات، بەڵام سەرچاوەیەك لە دارستانی (شەقڵاوە) بە ڕۆژنامەی "هەولێر"ی ڕاگەیاند کە بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری شەقڵاوە، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی دارستان، مۆڵەتی بە پرۆژە گەشتیارەکان داوە کە دارەکانی (سۆرك ) ببڕن)."20" سەردێری ئەم نووسینە لە 14 وشە پێکهاتووە، ئەمەیان زۆرە و زۆریش زەقە و لە

نووسینی پرێسی زەرد دەکات، بەتایبەتیش لە بەکارهێنانی (جەرگی چیای (سۆرك)یان کون کون کرد). ئەو کۆپلەیەش لەجیاتی لید یان لەشوێنی لید نووسراوە، وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی تێدا نییە. لەم کۆپلەیە وەڵامی کێ؟ سەرچاوەیەك... لەکوێندەر؟ لە دارستانی شەقڵاوە... چی؟ بەبێ مۆڵەت...ئەم وەڵامانە هەن، بەڵام زۆر بە مشەوەشی نووسراین و لە نووسینی لید ناکەن.

### 4-2 رۆژنامەی هاوڵاتی:

// **ئەو پرۆژە ئەهلییەی خوێندنگاکەی بۆ روخێنرا پێشتر زەوییەکی 27 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە-** سەردێر // (بەپێی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی دەست **"هاوڵاتی"** کەوتوون، ئەو دوو کۆمپانیایەی خوێندنگای فریشتەی کچان بۆ پرۆژەکەیان روخێندرا، زەوی خوێندنەگاکەیان کردووتە سەر زەوی پرۆژەکەیان کە رووبەرەکەی نزیکەی سێ دۆنم و نیوەو نرخەکەی بە زیاتر لەبیست و حەوت ملیۆن دینار دەخەملێندرێت.)"21"

لە نووسینی سەردێر و کۆپلەی یەکەم پەلە زۆر کراوە. لە سەردێر نووسرایە 27 ملیۆن دۆلار، کەچی لە کۆپلەی یەکەمی هەمان نووسین، 27 ملیۆن دینار نووسراوە. لە سەردێر وشەی خوێندنگا و لە شوێنی لید بە خوێندنەگاکە نووسرایە. وشەی 27 ملیۆن جارێك بە ژمارە نووسرایە و جارێکی دیکە بە نووسین. هەبوونی سێ هەڵەی زەق، بێشك خوێنەر لە خوێندنەوەی دوور دەکاتەوە و ناوەرۆکی گوتارەکە بە لاواز لەقەڵەم دەدرێت و خوێنەر متمانەی پێناکات، بەتایبەتیش ئەگەر ئەم هەڵانە وەك ئەم گوتارەی سەرەوە لە سەرگوتار یان سەردێر کرابێت. کۆپلەی سێ و چواریشیی پرپەتی لە ژمارە و خەڵك ناتوانێ هەمووی بێتەوە بیر، بۆیە زۆر چاکتر دەبوو، ئەگەر دوو لاپەرەی بەڵگەکان سکان کراون، بە گەورەتر داندرابان.

// **پارتی و یەکێتی وەڵامی یاداشتەکەی ئۆپۆزیسیۆن نادەنەوە – وەرزێکی نوێی ململانێی ئۆپۆزیسیۆن و دەستەڵات** – سەردێر// (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی

نیشتیمانی کوردستان ئامادەنین وەڵامی یاداشتەکەی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان بدەنەوە کە لەچەند رۆژی رابردوو خستیانەڕوو.)"22"

ئەم کۆپلەیە ناکرێ وەك لید سەیری بکرێ، بەڵام کۆپلەی دووای ئەمە: (شەممەی رابردوو قۆناغێکی نوێی ململانێی نێوان ئۆپۆزیسیۆنەکان و دەستەڵات لە کوردستان دەستی پێکرد و ناکۆکییەکانیان گەیشتە بنبەست کاتێك ئۆپۆزیسیۆن جگە لەهەڕەشەی کشانەوەی لە ئیئتیلافە کوردییەکە لە بەغدا هیچ کارتێکی دیکەی بەدەستەوە نەما). لە راستیدا ئەگەر ئەم کۆپلەیە فۆنتەکەی رەش کرابا، تەواوی مەرجەکانی لیدی تێدابوو.

//**لیژنەیەکی پەرلەمان، وتەکانی سەرۆکی پەرلەمان رەتدەکاتەوە – کەمال کەرکوکی: بەڵگەی تایبەت بەنەوت دراوەتە لیژنەی پیشەسازی و وزە** – سەردێر// (بۆ یەکەم جار لە مێژووی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی لیژنەیەکی پەرلەمان لێدوانێکی کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمان رەتدەکەنەوە)."23"

لە نووسینی سەردێر و کۆپلەی یەکەم و دووەم، زانیارییەکان دووبارە کراونەتەوە، ئەمەش بۆ خوێنەر باش نییە و بێزاری دەکات. لەراستیدا، وشەکانی بۆ سەردێر بەکاردێن نابێ لەلید دووبارە بینەوە.

// **عەشیرەتە کوردەکانی دیالە لەژێر چەپۆکی گروپە چەکدارەکاندان – چەندین عەشیرەت بەناچاری ناوچەکانیان جێهێشتووە** – سەردێر// (عەشیرەتە کوردەکانی پارێزگای دیالە کە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا لەبارودۆخێکی سەختدا دەژیان، جەنگی عێراقیش ئاسودەی نەکردن و لەدوای جەنگەوە لەجێگەی رژێمەکەی سەدام بونەتە ئامانجی گروپە چەکدارەکان)."24"

کۆپلەی دووەم بەمشێوەیە نووسرایە: (گروپە چەکدارەکان فشاریان خستۆتە سەر ناوچەی سەعدییەی سەر بە پارێزگای دیالە و فشاردەخەنە سەریان بۆ ئەوەی ناوچەکەی خۆیان چۆڵبکەن).

لەو نووسینەی سەرەوە دووبارە زۆرە و ئەم زۆرییەش خوێنەر هیلاك دەكات. نەك تەنیا لید و سەردێر، بەڵكو تەواوی گوتارەكە زۆر بێسەروبەر نووسرایە و پێش و پاش لە نووسینەكە زۆرە. زۆر باشتر دەبوو، ئەگەر رۆژنامەنووس شێوەی كرۆنۆلۆگی بۆ نووسینی ئەم گوتارەی هەڵبژاردبا. خوێنەر زیاد لە سێ بەشی گوتارەكە دەخوێنێتەوە، ئینجا دەگاتە ئەوەی دوو خێڵی كورد بەناوی (سالحی و خالدی) لەسەردەمی رژێمی پێشوو لەترسان ناچاربوون لەكوردبوونی خۆیان هەڵگەڕێنەوەو خۆیان بە عەرەب بنووسن. ئەم گوتارە هیچ زانیارییەكی نوێی تێدانییە، لەوەی كە تا ئێستاش ئەندامانی ئەم دوو خێڵە، زۆربەیان خۆیان بە عەرەب دادەنێن. لەگەڵ ئەم كەموكورتیانەش، ئەگەر رۆژنامەنووسێكی پسپۆر لیدی بۆ ئەم بابەتەی سەرەوە نووسیبا، بەمشێوەیە دەستیپێدەكرد: (فشاری گروپە ئیرهابییەكان لەسەر ناوچە كوردیەكانی خانەقین و دیالە بەردەوامە. دوو خێڵی كورد لە دیالە تا ئێستا ناسنامەی خۆیان لە عەرەب بۆ كورد نەگۆڕیووە. نوێنەرانی حكومەتی هەرێم بەم هەڵوێستەی هەردووك خێڵی سالحی و خالدی نیگەرانن).

### 5-2 رۆژنامەی خەبات:

**// مەسروور بارزانی بۆ كەناڵی ئاسمانی زاگرۆس: ئێمە وەكو پارتی پێما نخۆشە لە ئاست متمانەی هەموو جەماوەری كوردستان بین و هەموو خەڵك لێمان نزیكبێتەوە و ئەو متمانەمان پێبدەن، كە بتوانین نوێنەرایەتی ئەوان بكەین لە هەموو ئاستێكدا – ئێمە هەموومان پارتین هەمووشمان لە ژێر سایەی سەركردایەتی جەنابی سەرۆكەوە خزمەتی پارتی و كوردستانیش دەكەین و هەمووشمان رێز و ئیحترامی یەكتر دەگرین**. سەردێر (54 وشە).// ئەوەی سەرەوە سەردێرە، لەبەر درێژی و گرنگی، زۆر باشتر دەبوو، ئەگەر لە شوێنی لید داندرابا.

من باس لە بڵاوكردنەوەی ئەم چاوپێكەوتنە لە رۆژنامەی خەبات ناكەم، كە ئایا پێویست بوو یان پێویست نەبوو، بەتایبەتیش كە هەموومان دەزانین، بیروبۆچوونەكانی

مەسروور بارزانی لە کوردستان، بەهەند وەردەگیرێ و لە ناوەندی بڕیاردانیشەوە زۆر نزیکە. لەگەڵ ئەمەش، ئەگەر بڕیاری بڵاوکردنەوەی بەدەست من بووایە، بێشك لەجیاتی نووسینەوەی چاوپێکەوتنەکە و بڵاوکردنەوەی وەك خۆی، کەسێکی پسپۆری سیاسیم هەڵدەبژارد، گوتارێکی 1000 وشەم لەسەر ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکە بۆ بنووسێ و تێیدا ئاماژە بە هەموو خاڵە نوێ و گرنگەکان بۆ بکات. دەقی چاوپێکەوتنەکەشم لە ماڵپەری ڕۆژنامە دادەنا.

بەڵام ئەگەر ئەم چاوپێکەوتنە، تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئەنجامدرابا، دیارە وەك خۆی بڵاوم دەکردەوە. ئەوانەی سەرەوەم دەکرد، چونکە دەزانین لە کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس هەمان چاوپێکەوتن چەند جارێك پیشاندرا و لە ڕۆژنامەی هەولێریش وەك خۆی چاپکرایەوە. سەرنووسەر پێویستە بزانێ، هەموو کەسێك ئامادە نییە سێ لاپەڕەی گەورە بخوێنێتەوە، ئەگەر سوڕ بزانێ خوێندنەوەی سێ لاپەڕەی ڕۆژنامەی خەبات، پێشتر لە تەلەفزیۆن پیشاندراوە و لە ڕۆژنامەی هەولێر چاپکراوەتەوە و لە ماڵپەرەکانیش هەیە.

لەجیاتی دانانی سەردێرێکی 54 وشە، لیدم بۆ دەنووسی و یارمەتی خوێنەرانم دەدا، ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنە بۆ خوێنەران چییە. ڕۆژنامەی خەبات کۆپلەیەکی بەناوی لید بۆ ئەم چاوپێکەوتنە داناوە، هیچ مەرجی نووسینی لیدی تێدا نییە، جگە لەمەش، پێدەچێت، نووسەری ئەم چەند دێرەی لە جیاتی لید داندراوە پێدەچێ، خۆی گوتارەکەی نەخوێندبێتەوە، چونکە لەناوەڕۆکی ئینتەرڤیوی مەسرور بارزانی، زۆر بابەتی گرنگ باس کراون و لەو کۆپلەی بەناوی لید، هیچ ئاماژەیان پێنەکراوە. جگە لەمەش، لەو چاوپێکەوتنە خوێنەر نازانێ چۆن ناوی قارەمانی ئینتەرڤیو بنووسێ، چونکە لە سەردێر ناوی (مەسروور بارزانی) لە ناو تێکستیش بە (مسروور بارزانی) نووسرایە. نووسینی یەك ناو لەیەك گوتار و لە دوو ڕستەی دوای

یەکتر بە دوو جۆر، کارەساتێکی گەورەیە بۆ رۆژنامە و لەمەش خراپتر، لە لاپەڕەکانی دیکەش هەمان هەڵە دووبارە بۆتەوە.

لەخوارەوە کۆپلەکە وەك خۆی دەنووسینەوە:

(بەڕێز مسروور بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدیدارێکی تایبەتی کەناڵی زاگرۆس کە لەلایەن رۆژنامەوان عادل قەرەداغییەوە ئەنجامدرا، لەبارەی کۆنگرەی 13 پارتی و هەنگاو و تێڕوانینی پارتی بۆ ئەم قۆناغەی کوردستان بە وردی تیشکی خستە سەر سیاسەتی پارتی و لەهەمانکاتیشدا پەیوەندییەکانی پارتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئێراقیشی بەشێوەیەکی ورد خستەڕوو، ئەمەش دەقی دیدارەکەیە) "25"

// **لانە حەمەی سەید عەلی حافز، ئەندامی پەرلەمانی ئێراقی فیدرال: وەکو کورد پێمانخۆشە لە پۆستە سیادییەکاندا پشکی شێرمان بەرکەوێ، بۆ خزمەت گەیاندن نەك بۆ وەرگرتنی دەستەڵات و بەرژەوەندی تاکەکەسی** – سەردێر (29 وشە)//

(پرسی پێکهاتنی کابینەی نوێی حکوومەتی ئێراقی، لەلایەن میدیاکانی نێوخۆیی و جیهانی بۆتە پرسێکی گرنگ و هەستیار، بەهۆی پێکنەهێنانی لایەنە سەرەکییەکانی لیستە براوەکان نەتوانراوە پاش حەوت مانگ حکوومەت پێکبهێنرێ و پرسەکەش هەر بەدژواری ماوەتەوە، کوردیش کەوەك هاوبەشێك لەنێو گەمەکەدا، رۆڵی خۆی دەبینێ و پێداگری دەکات، لەسەر مافە سەرەکییەکانی و هیچ جۆرە سازشێك ناکات. بۆ وەڵامی چەند پرسیارێك و هەڵوێستێکی جوامێرانەی خاتوو (لانە حەمەی سەید عەلی حافز) ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانی ئێراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، کە رۆلێکی کارا و ئەکتیڤی لە هاوکاری هەژاران و لێقەوماواندا لە شاری سلێمانیدا لە ڕێگەی مووچەکەی خۆیەوە، سەردانمان کرد و ئەم دیدارەمان لەگەڵی سازدا)."26"

دانانی سەردێرێکی 29 وشە، لە رۆژنامەکانی ئێستای وڵاتانی پێشکەوتوو دەمێکە نانووسرێ. سەردێر پێویستە لە نێوان 4-6 وشە بێت. جگە لەم تێبینییە،

خوێندنەوەی سەردێر، پێویستە خوێنەر بۆلای نووسینەکە ڕابکێشێت، کەچی لەم سەردێرە هیچی نوێی تێدا نییە. ئەو کۆپلەی لە شوێنی لید داندراوە، 93 وشەیە یەکجار زۆرە و دەبووا بەسەر چەند کۆپلەیەکی کورت دابەش کرابا. لەم نووسینە بەهیچ شێوەیەك نەدەبوو نووسرابا: (بۆ وەڵامی چەند پرسیارێك و هەڵوێستێکی جوامێرانەی خاتوو (لانە حەمەی سەید عەلی حافز) ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانی ئێراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، کە ڕۆلێکی کارا و ئەکتیڤی لە هاوکاری هەژاران و لێقەوماواندا لە شاری سلێمانیدا لە ڕێگەی مووچەکەی خۆیەوە، سەردانمان کرد و ئەم دیدارەمان لەگەڵی سازدا). بە خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە، رای ڕۆژنامەنووست لا ئاشکرا دەبێت و دەزانیت ناوەڕۆکی متمانەی پێناکرێ و ڕۆژنامەنووس بێلایەنانە چاوپێکەوتنەکەی ئەنجام نەداوە.

//**ستراتیژی قسەکردن** – سەردێر// (ڕۆشنبیری هەندێ کەس سنووردارە چونکە ئەوانە خۆیان بیری خۆیان سنووردار کردووە، کەچی هی هەندێکی دیکەش کراوەیە، لەو وتەیەدا دەردەکەوێت ئاستی کەسەکان چەند لەیەکتری جیاوازن. هەر کەسێك ئەگەر لەهەر وەڵاتێکدا زانیاری نەبوو یان هیچی لێ نەزانیت و دان نەنێت بە نەزانینەکانی ئەوا لە جۆری یەکەمی ڕۆشنبیری بابەتەکەماندا، ئەم شێوازە، ڕەنگە بەلایەوە شتێکی نەگونجاوبێ ئەگەر بڵێت: نازانم. ئەوە مانای ئەوەیە کە نازانێ کە ئەو نەزانە)."27"

سەردێری ئەم گوتارە لە دوو وشە پێکهاتووە و هیچ مانایەك نابەخشێ و ئەو کۆپلەی بەناوی لید داندرایە، وەڵامی هیچ لە پرسیارەکانی بۆ نووسینی لید نەداتەوە، نووسەریش ڕۆڵی مامۆستایی دەبینێ و بەگوێرەی ناوەڕۆکی نووسینەکە و خوێندنەوەی، خەڵکێکی زۆر خۆی بەنەزان و گێل دێتە بەرچاو.

### 6-2 ڕۆژنامەی ڕۆژنامە:

//**بەرپرسی ڕاگەیاندنی پارتی لە سلێمانی: میدیای سێبەر زیادەیەو پارەی گشتی بەهەدەر دەدات** – سەردێر// (ئاری هەرسین، بەرپرسی ڕاگەیاندنی سەرکردایەتی پارتیی

له پارێزگای سلێمانی پێیوایه، که میدیای سێبەری حزبەکان دیاردەیەکی سلبییەو زیادەیەو پارەی گشتیی هاوڵاتییانی هەرێم بەهەدەر دەدات). "28"

ئەوەی له سەردێر هاتووە، دەتوانین بڵێین هەمان مەبەسته له کۆپلەی یەکەمی ئەم گوتاره دووباره بۆتەوە. ئەمەش له دانانی لید بەهیچ شێوەیەك نابێت، چونکه لید پێویسته له سەردێر جیابکرێتەوە و وشەکان دووباره نەبنەوە. لەلایەکی دیکه، ئەوەی له لاپەڕەی یەك هاتووە، هەمان شت جارێکی دیکه بەدرێژی له لاپەڕەی 7 نووسراوەتەوە و له شوێنی لید داندراوە. جگه لەمەش، لەوێندەر زیاتر باس له کۆنگرەی 13 پارتی دەکرێ.

// **لیژنەی رۆشنبیریی و راگەیاندن: داوامان کردووە دانشتنێکی پەرلەمان بۆ ئازادی رۆژنامەوانی تەرخان بکرێت** - سەردێر// (لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر راسپاردەی میدیای ئەهلییەکانی کوردستان داوای کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان دەکات)."29"

له نووسینی سەردێر و لید، دووبارەی زۆر هەیه، وەك له پێشتر ئاماژەمان پێیدا، نابێت دووبارەبوونەوە هەبێت. لەهەمان کۆپله، وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی بۆ لید نووسین پێویستن: کێ؟، چی؟، لەکوێندەر؟، کەی؟ نەدراونەتەوە.

//( 11 ) **هەزار عەرەبی هاوردەی کەرکوك قەرەبوو کراونەتەوە و زیاتر له ( 10 )هەزاریان نەگەڕاونەتەوە** – سەردێر// (به بڕیارێکی حکومەتی عێراق چەندین ئەفسەری عەرەب رەوانەی کەرکوك دەکرێن سەرەرای ئەوەی نەتواندراوە ئەو عەرەبه هاوردانه بگەڕێندرێنەوە که قەرەبووی مادەی (140 ) کراونەتەوە)."30"

لید بۆ ئەم گوتاره بەراستی نەنووسراوە، چونکه له کۆپلەی یەکەم، نەتواندراوە زانیاری پێویست به خوێنەران بدرێ و وەڵامی پرسیاری پێویستیش نەدراوەنەتەوە.

بەڵام له هەمان نووسین، کۆپلەی دووەم کەبەمشێوەیه دەست پێدەکات: (لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا، زیاتر له (11) هەزار عەرەبی هاوردەی کەرکوك، قەرەبووی

مادەی (140) كراونەتەوە و زیاتر لە (10) هەزاریان تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە ناوچەكانی خۆیان و لەگەڵ نزیكبوونەوەی وادەی سەرژمێریشدا، حكومەتی ئێراق ژمارەیەك ئەفسەری عەرەب دەگوازێتەوە بۆ كەركوك). ئەم كۆپلەیە دەكرێ وەك لید سەیر بكرێت، چونكە وەڵامی پرسیارە گرنگەكانی تێدا، بەڵام لێرەش تەواوی زانیارییەكانی لە سەردێر هەن، جارێكی دیكە نووسراونەتەوە.

## 7-2 هەفتەنامەی زاری كرمانجی:

//**گرووپێكی تیرۆرستی بەنیازە لە قەزایەكی ئەم دەڤەرە كاری تیرۆرستی بكەن – سەرچاوەیەكی ئەمنی: نزیكەی ( 150 ) كەس ئامادەكراون كە خۆیان بتەقێننەوە** – سەردێر// (بەپێی سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراو لە شاری خانە گرووپێكی ئەنسارولئیسلام بەنیازن لە یەكێك لە قەزاكانی سۆران یان چۆمان كارێكی تیرۆریستی بكەن."31"

جگە لەوەی ئەم سەردێرەی بۆ ئەم نووسینە داندراوە، زۆر درێژە، هەمان ڕستە لە كۆپلەی یەكەمی ئەم نووسینەش دووبارە بۆتەوە. ئەمەش بەپێی ڕێنماییەكانی نووسینی لید رەوا نییە و هەڵەیە. لەلایەكی دیكە، ئەگەر باس لە پسپۆری نووسین لەم رۆژنامەیە بكەین، بەهیچ شێوەیەك نەدەبوو، ئەم هەواڵە زەقبكرێتەوە، چونكە خەڵكی دەڤەری سۆران دەترسن و تۆقاندنی جەماوەریش كاری رۆژنامەنووس نییە. لەم نووسینە دەبوایە، لەجیاتی هەرەشەی تەقینەوە، لەڕێگای ئەفسەرانی ئاسایشەوە، خەڵك هێور كرابایەوە، نەك بتۆقێندرێن، چونكە لایەنی ئەخلاقی و پیشەیی ڕێگا بەمجۆرە ترساندنە نادات. بەتایبەتیش، ئەم وێنەیەی بۆ ئەم گوتارە داندراوە، خوێنەر ئەوەندەی دیكە دەترسێنێت.

// **سیمای بازاڕی سیدەكانی ساڵانی پەنجاكانە** – سەردێر// (ناحیەی سیدەكان گەورەترین ناحیەیە لە سنووری پارێزگای هەولێر لە رووی رووبەرەوە، وەك هاوڵاتییان ئاماژەی بۆ دەكەن سەنتەری بازارەكەیان بێبەشكراوە لە خزمەتگوزرای، بەتایبەتی

شەقامی نێو بازاڕ و سیمای دوکانەکان، بۆیە هاوڵاتییان داواکارن لەلایەنی پەیوەندیدار شەقامەکەیان بۆ بکرێتە دووساید و بایەخیش بە جوانکاری بازاڕەکەی بدرێت)."32"

ئەم نووسینەی بۆ ئەم گوتارە لە شوێنی لید داندراوە، ئەگەر کەمێك کورتبکرێتەوە و لە: (بەتایبەتی شەقامی نێو بازاڕ و سیمای دوکانەکان...) ڕاگیرا با، لەوانەبوو بۆ ئەم هەواڵە زۆر باشتر بووایە.

//**دەست بەقیڕکردنی ڕێگەی نێوان سمیلان – گەلاڵە کرا** – سەردێر// (لەسەر بودجەی وەزارەتی نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی چاکردنەوە و پاراستنی ڕێگەوبانی هەولێر، بە گوژمەی شەش ملیار و 796 ملیۆن و 650 هەزار دینار ڕێگەی نێوان سمێلان – گەلاڵە قیڕ دەکات). "33"

ئەم کۆپلەیە چ لە شێوەی نووسین چ لە ڕەشکردنی فۆنت زۆر باش نووسرایە و هەموو مەرجەکانی لیدی بۆ هەواڵ تێدا. بەڵام لەبەر خراپی نەخشەسازی و دانانی وێنە و سەردێر لە شوێنی خراپ، بایەخی لیدی کەمکردۆتەوە.

### 8-2 ڕۆژنامەی ئاسۆ:

//**د. بەرهەم لەگەڵ باڵیۆزانی سوید و فەرەنسا و ئێران کۆبۆوە – ڕێکەوتننامە بۆ نۆژەنکردنەوەی قەلای هەولێر ئیمزا دەکرێت** – سەردێر// (سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: بڕیاری سیاسی هەرێم و سەرکردایەتیەکەی بریتییە لەکارکردنی زیاتر بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەبواری سیاسی و بازرگانی فەرهەنگیدا. ئەمەش لەمیانی وتەیەکیدا کە لە قەلای هەولێر پێشکەشیکرد). "34"

سەردێری ئەم نووسینە درێژە و بەخوێندنەوەی دەردەچێت، کە دوو کۆپلەی لەیەکتر جیان. کۆپلەی یەکەم، کە لەجیاتی لید داندراوە، ئەگەرچی قسەی سەرۆکی حکومەتە، بەڵام دەکرێ وەك لید دابندرێ، چونکە ئاماژە بە گرنگی بابەتەکە دەدات، بەڵام ئەگەر ئەم گوتارە وەك گوتاری هەواڵی وەربیگرین، بێشك کۆپلەی دووەم زۆر لە نووسین و مەرجی نووسینی لید نزیکترە.

//**کارنامەی کورد دەستکاری نەکراوە – سەردێر**// (پەرلەمانتارێکی کورد ڕەتیدەکاتەوە دەستکاری خاڵەکانی ناو کارنامەکەی کورد کرابێت و لە 19 خاڵەوە کەمکرابێتەوە بۆ 10 خاڵ، تەئکیدیش دەکاتەوە کە پێدەچێت ئەو خاڵەی باس لە کشانەوەی کورد لە حکومەت دەکات، هەموار کرابێتەوە)."35"

لەم هەواڵەش، کۆپلەی دووەم ئەگەر لە شوێنی لید داندرابایە باشتر بوو، دەشکرا لە کۆپلەی یەکەم، لەجیاتی وشەی (پەرلەمانتارێکی کورد)، ناوی د. مەحمود عوسمان هاتبا، زۆر باشتر و راستر دەردەچوو.

//**سەرۆك وەزیرانی باڤاریا هەڵا دەنێتەوە – خۆشحاڵ نین بە هاتنی عەرەب و تورك بۆ ئەڵمانیا** – سەردێر// (سەرۆك وەزیرانی ویلایەتی باڤاریا داوای ڕاگرتنی کۆچکردنی عەرەب و تورکی کرد بۆ ئەڵمانیا).

کۆپلەی دووەم: (هۆرست زی هۆڤەر سەرۆك وەزیرانی ویلایەتی باڤاریا لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری فۆکس، بەبێ ڕەچاوکردنی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەکان و تورکیا لەگەڵ ئەڵمانیا، داوای راگرتنی کۆچی عەرەب و تورکی بۆ کرد بۆ وڵاتەکەی و ئەو داوایەش وەك سووکایەتیپێکردنی ئەو عەرەب و تورکانەی کە لەو وڵاتەدا نیشتەجێن دەرکەوت و بیانووی ئەو داوایەی هۆڤەریش ئەوەیە کە کولتووری ئەڵمانیا کولتوورێکی مەسیحییە و جێگەی کولتوری ئیسلامی تێدا نابێتەوە، وێرای ئەوەی کە بەگوتەی خۆی کۆچبەرە عەرەب و تورکەکان ناتوانن لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەڵمانیا تێکەڵبن)."36"

لەم نووسینە، سەردێر، کۆپلەی یەکەم لەگەڵ کۆپلەی دووەم، باس لەیەك شت دەکەن و وەك یەك نووسراین، ئەمە شێوە نووسینە بۆ لید هەڵەیە و راست نییە. لێرە دەکرا، سەردێر بەجۆری دیکە بنووسرێ و کۆپلەی دووەمیش بە کورتکراوەیی وەك لید دابندرێ.

### 9-2 گۆڤاری هەفتەنامە:

// **موفتییەکی سوری فەتوای جیهاد دژی کورد دەردەکات** – سەردێر// (بەردەوام بەشێکی زۆر لە عەرەبە توندڕەوەکان لەژێر چەندین ناوی جیاجیادا هەوڵی دوژمنکاری کوردیان داوە، لە ئێستاشدا موفتییەکی سوری فەتوایەکی هەڕشە ئامێز ئاراستەی کوردانی عێراق و سوریا دەکات، جگە لەوەی کورد بە شەیتانپەرست ناودەبات، فەتوای جیهادیشیان لەدژ دەردەکات."37"

سەردێری ئەم نووسینە، لەگەڵ ئەو سێ دێری ژێر ئەو لەگەڵ کۆپلەی یەکی تێکست، دووبارەیان زۆرە. ئەوەی لە لید دەنووسرێ، پێویست ناکات، لە شوێنێکی دیکەی تێکست بەهیچ جۆرێك دووبارە بکرێتەوە، چونکە لەوکات نووسینەکە لاواز دەکات و خوێنەر بێزار دەکات، بەتایبەتیش ئەگەر لە سەردێر، لید و کۆپلەی یەکەم، خوێنەر هەمان پەیامی بەدەست بگات، کەس ئامادە نییە لەسەر خوێندنەوەی ئەمجۆرە نووسینانە بەردەوام بێت.

// **ئەزمەی متمانە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا** – سەردێر// (بەپێی ئامارێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، نزیکەی 400 گۆڤار و ڕۆژنامە لە کوردستاندا بە ڕەسمی تۆمار کراون، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆریش لە رادیۆ و تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەربۆیە ئەم زۆری و بۆرییە وایکردووە، کە سەرجەم ئەو گۆڤار و رۆژنامانە متمانە و قورسایی میدیایی تەواوی خۆیان نەبێت و تەنیا چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی دیاریکراو جێی بایەخ بن)."38"

سەردێری ئەم بابەتە مانای تەواو نابەخشێت، بەمەش لەجیاتی ئەوەی خوێنەر بۆلای خۆی رابکێشێت، دووری دەکاتەوە، چونکە بە بینی و خوێندنەوەی دەردەکەوێ، ئەگەر سەردێر و لید باش نەبێ، دیارە نووسینەکە هەر باش نییە و لەلایەن ڕۆژنامەنووسی باشەوە نەنووسراوە. ئەگەر کۆپلەی دوای سەردێر بە لید دابندرێ، دیارە نووسینی نزیکەی 50 وشە زۆرە و تەواوی ناوەڕۆکی نووسینەکەت بۆ ئاشکرا دەکات.

ئەگەر کۆپلەی دووەمیش وەك لید دابنێین کە نووسرایە: (رۆژانە بەدەیان بابەتی ڕەخنەئامێزو قسەکردن لەسەر گەندەڵییەکان و کەموکورتییەکانی هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێنەوە، بەڵام کەمن ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە بەردەوام بە بەڵگەو دۆکۆمێنتی تەواوەوە، ئەو بابەتانە دەخەنە ڕوو، کە دواتر دەبێتە جێی بایەخی خەڵك و حکومەت و سەرجەم دەزگا پەیوەندیدارەکان.) ئەگەر ئەم کۆپلەیە وەك لید وەربگیرێ، دیسان زۆر لاوازە و لە نووسین پەلەی زۆری تێکراوە، چونکە هیچ شتێکی نوێ لەم کۆپلەیە بۆ خوێنەران نییە. ئەگەر کەسێکی پسپۆر لە راگەیاندن یان رۆژنامەنووسێکی خاوەن ئەزموون لیدی بۆ ئەم نووسینەی سەرەوە نووسیبا، بەمشێوەیەی خوارەوە دەبوو: (بەپێی دەفتەری تۆماری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، نزیکەی 400 رۆژنامە و گۆڤار لە کوردستان دەردەچن. ئەو ژمارەیە بەبڕوای کەسانی پسپۆر، زۆرە و بۆتە لەدەستدان یان لاوازبوونی متمانە لەنێوان راگەیانکاران و جەماوەر).

// **ریکلامە تەلەفزیۆنییەکان بە خراپ دەشکێنەوە** – سەردێر// (پسپۆرە میدیایی و دەروونییەکان جەخت لەوەدەکەنەوە، ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان، مەرجە زانستییەکانیان تێدانییە و بێ بەرنامەن، کاریگەریی خراپیشیان بۆسەر بینەر هەیە، پاساوەکانیان چین؟) "39"

لەم نووسینە، چ سەردێر چ ئەوەی بەناوی لید یان وەك لید دەخوێندرێتەوە، جگە لە ریزکردنی چەند وشەیەك هیچ مانا نابەخشن، چونکە لەراستیدا لە ریکلام هەبوونی مەجی زانستی پێویست نییە، بەڵکو ئامانج تەنیا ساغکردنەوەی کاڵایە. رێکلام لەگەڵ زانست لەیەك دوورن و هیچ پەیوەندییێکیان بەیەکەوە نییە. پیشاندانی ریکلام لە هیچ شوێنێك پێویستی بە بەرنامە نەبووە، بەڵکو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، نرخی پیشاندانی جیایە و دەگۆردرێ. بۆ پیشاندانی ریکلام نە زانست نە بەرنامە پێویست ناکات، بەڵکو یاسا لەگەڵ ئەخلاقی پیشە بڕیاردەدەن ئایا ئەم ریکلامە لە تەلەفزیۆن پیشان بدرێ یان نا؟ ئەوەی ئەم سەردێر و دوو دێری دوای سەردێری نووسیوە،

ئاگاداری بازاڕی ریکلام نییه و هیچی لێنازانیٚ، بۆیه خوێنەر لەجیاتی لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام بێت، لێی رادەکات.

لەم نووسینه کۆپلەی دووەمیش هیچ پەیوەندی به بابەت نییه و چەند وشەیەکن لەدوای یەکتر بەمشێوەیەی خوارەوە ریزکراوە: (ئەوەی جێی گومان نییه، هەر مرۆڤێك له ئێمه ڕۆژانه کاتەکانی خۆی دابەشکردووه بەسەر کارو چالاکییه ڕۆژانەکانی و حەسانەوەدا، لەماوەی حەسانەوەیشدا، تەماشاکردنی تیڤی و بەسەربردنی چەند کاتێك لەگەڵ ماڵ و منداڵدا پشکی شێری بەردەکەوێت). تەواوی دەخوێنیتەوە، له قسەی گشتی زیاتر هیچی نویٚ بەرچاو ناکەویٚ. نەبوونی زانیاری گرنگ له پێشەکی یان له لید، نووسینەکه مردار دەکات و خوێنەر بەسەر بابەتەکەدا پاز دەدات.

## 10-2 گۆڤاری سڤیل:

**//سڤیل وردەکاری لەبارەی کۆبوونەوەکەی نێچیرڤان بارزانی و فراکسیۆنه ئۆپۆزیسیۆنەکان بڵاو دەکاتەوە – سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ: نێچیرڤان بارزانی وەك خه مخۆری ئەزموونی کوردستان لەگەڵمان کۆبووەوە** – سەردێر// (دوای ئەوەی لەسەر پرۆژه یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن گرژی کەوته نێوان فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و فراکسیۆنی دەسەڵات، له پەرلەمانی کوردستان، بەڵام کۆبوونەوەکەی نێچیرڤان بارزانی و ئەو لیستانه، گرژییەکانی رەواندەوە)."40" بۆ ئەم گوتاره سەردێرێکی زۆر درێژ داندراوە و لەبەر خراپی نەخشەسازی، خوێنەر نازانیٚ کامه رسته سەردێره و کامه رستەش لید یان ژێر سەردێره... کۆپلەی یەکەم لەشوێنی لید داندراوە، لید بەمشێوەیه نانووسریٚ، بەڵام کۆپلەی دووەم، ئەگەر کەمێك کورتبکرێتەوە، وەڵامی سیٚ پرسیاری لید: کیٚ؟، چی؟، کەی؟، تێدا. ئەگەر وەڵامی لەکوێندەر هەبا، بێشك زۆر باشتر دەبوو، چونکه بۆ خوێنەر زۆر گرنگه بزانیٚ ئەم دیداره له هەولێر یان لەشوێنی دیکەی کوردستان ئەنجام دراوە. یەك لەو هەڵه زەقانەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەردەوام تووشی دێن، ئەوەی خۆیان دەیزانن، لەوبڕوایەدان خەڵکیش دەیزانیٚ، بۆیه لەکاتی

خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، ئەم کەموکورتیانە بەروونی بەدیار دەکەون.

// **هەر چارەسەرێك لە ئامەدەوە نەبێت سەرناگرێ – ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی: بە تورکیا گوتراوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە رێگای ئاشتیانە هاوکاری دەکەین** – سەردێر// (بەرپرسێکی پەکەکە رایگەیاند هەر هەولێك بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد ئەگەر لە ئامەدەوە نەبێت سەرناگرێت، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتیش دەڵێت، هەرێمی کوردستان تورکیا هاندەدات، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە پرسی کورد چارەسەر بکات)."41"

لەم نووسینە، وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی پێویستە لە لید هەبن، بەرچاو ناکەوێ. لێر تەنیا وەڵامی کێ؟ بەرپرسێکی پەکەکە... چی گوت؟ پرسی کورد ئەگەر لە ئامەدەوە نەبێت، سەرناگرێ... لید بەمشێوەیە نانووسرێ.

// **پلانی حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون سەرکەوتوو نابێت** – سەردێر// (حکومەتی هەرێم زەوی نیشتەجێبوون دابەش ناکات، بەرپرسانی حکومەت ئاماژە بەوە دەکەن، لە قۆناغی ئێستا باشترە بایەخ بە کەرتی وەبەرهێنان بدرێت، چونکە حکومەت لەدابەشکردنی زەوی نیشتەجێبووندا، نەیتوانیووە قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەر بکات، چاودێرێکی ئابووریش ئاماژە بەوە دەکات، ئەو پلانەی حکومەت لەم قۆناغەدا بە باشی دەزانیت، کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر ناکات)."42"

لە نووسینی سەردێر، بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی بابەت، پێویستە بایەخی زۆری پێبدرێ. لەم نووسینە، خوێنەر تێدەگات، پلانەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون سەرکەوتوو نییە، بۆیە هیچ پێویست ناکات، تەواوی بابەتەکە بخوێنێتەوە. لەم نووسینەی سەرەوە، پێنج جار وشەی نیشتەجێبون هاتووە، ئەمەش تەواوی گوتارەکەی مراندووە. ئەگەر کەسێکی خاوەن ئەزموون لیدی

یان کۆپلەی یەکەمی بۆ ئەم گوتارە بنووسیبا بەمشێوەی خوارەوە دەبوو: (حکومەتی هەرێم بۆ نەهێشتنی کێشەی نیشتەجێبوون، زۆر جۆر ڕێگای جیای گرتۆتە بەر، بەڵام بەڕای پسپۆران، هیچ لەو بەرنامە و پلانانەی ئەمڕۆ هەن، ناتوانن بەسەر ئەم قەیرانە گەورەیە زاڵ بن). ئەمە زانیاری دەدا، بەڵام هیچ شتێکیش ئاشکرا ناکات، دەستپێکی چاکە، بۆئەوەی خوێنەر بزانێ، رای پسپۆران بۆ چارەسەری نیشتەجێبوون چییە... ڕێك ئەم ئامانجەشە بۆ دانانی لید لە نووسین.

## 2-11 **گۆڤاری لڤین:**

//**حاکم قادر: بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێم بۆ لڤین: هەندێك هەوڵی تیرۆریستی هەیە بۆ تێکدانی ئاسایشی هەرێم لەڕێگەی خۆتەقاندنەوە یان تەقاندنەوەی هەندێك شوێن کە مەبەستیانە** – سەردێر// (بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش لە سلێمانی رایدەگەیەنێت کە لەئێستادا مەترسی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە)."43"

بە خوێندنەوەی سەردێر و کۆپلەی یەکەم دەردەکەوێت، هەردووك زانیاری یەکن و ئەگەر خوێنەر لەسەر خوێندنەوەی گوتارەکە بەردەوام بێت، لە کۆپلەی سێیەمیش هەمان زانیاری هەیە، لەخوارەوە وەك خۆی دەینووسینەوە: (لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری لڤین، حاکم قادر حەمەجان عزیز، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، وتی: ئەمڕۆ لەهەندێك لاوە هەڕەشە لەئاسایشی کوردستان دەکرێت، بەتایبەت لەلایەن گروپە تێرۆریستیەکانەوە کە لەهەموو لایەکەوە لەهەوڵدان بۆ تێکدانی باری ئاسایش...) لێرە دەبینین، سەردێر و کۆپلەی یەکەم و دووەمی ئەم گوتارە، لەجیاتی تەواوکری یەکتر بن، وەك یەکن و زانیاری نوێ نابەخشن، بۆیە زۆر باشتر بوو، ئەگەر کۆپلەی دوەمی وەك لید یان لە شوێنی لید داندرابا، چونکە مەرجەکانی لیدی زۆر تێدا.

**//میت لە کوردستان سیخور وەردەگرێت – دوای سەردانەکەی هاکان فیدان بۆ کوردستان، میت قۆناغێکی نوێ لەهەرێمی کوردستان دەستپێدەکات** – سەردێر// (پرسەکە لێرەوە دەستی پێکردووە کە تەشکیلاتی ئیستیخباراتی میللی تورک (MIT) هاوکات لەگەڵ دەنگۆی سەردانی هاکان فیدان، موستەشاری گشتی میت بۆ کوردستان، پەیتا، پەیتا ریکلامی ئەوە بڵاودەکاتەوە کە ئەو دەزگایە پێویستی بە وەرگێری سۆرانی هەیە)."44"

دەزانین، وەرگرتنی سیخور بۆ میت یان بۆ هەر دەزگایەکی هەواڵگری، کەس باوەڕ ناکات، لەڕێگای رۆژنامە و گۆڤارەوە بکرێ، بۆیە بە خوێندنەوەی خوێنەر یەکسەر هەڵوەستەیەك دەکات و متمانە بە نووسینەکە ناکات. وڵاتێکی گەورەی وەك تورکیا، کە کۆمەڵێك حزبی تورکمانی لە کوردستان دروستکردووە و بە ئاشکرا کار دەکەن و یارمەتی لە تورکیا وەردەگرن، بۆ وەرگرتنی زانیاری نهێنی، چ پێویست دەکات، لەڕێگای وەرگێڕی سۆرانییەوە ئەوانیان دەست بکەوێ؟ دەزانین تورکیا لەکاتی پێویست، هانا وەبەر ئەوان دەبا و داوای یارمەتی لەوان دەکا، نەك لە وەرگێرێکی کورد، کە هیچ گرەنتییەك نییە، بەیانی ئەو وەرگێرە ئەندامی پارتی یان یەکێتی دەرناچێت! لەکاتی  نووسین، زۆر گرنگە، رۆژنامەنووس بیر لە لۆژیك بکاتەوە، ئایا ئەو زانیارییە راستە یان راست نییە؟ ئایا دەکرێ وابێ یان ناکرێ وابێ؟ پیشەی رۆژنامەنووسی یەك لەو پیشانەیە، رۆژنامەنووس پێویستە لە سەرچاوەکانی وەرگرتنی زانیاری بەردەوام کەمێك گومانی هەبێت. دواتر جیاوازی لەنێوان ریکلام و پروپاگەندە زۆرە. ریکلام بۆ مەبەستی ساغکردنەوەی کاڵا بەکاردێت و پروپاگەندەش مەبەستی سیاسی لەپشتەوەیە. ئامانجی پرۆپاگەندا، گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو کارتێکردنییەتی و زۆربەی جاریش، ئەو ئەرگومێنتانەی بۆ بەهێزکردنی خوتبە یان قسەکان بەکار دەهێندرێ بێبەنەمان و لەراستی دوورن. نووسەری ئەم چەند دێرانەی گۆڤاری لڤین، هیچ جیاوازی لەنێوان رێکلام و پروپاگەندە نەکردووە.

//**حەوت ساڵە پارتی ئەهلییەی یاسایی لەدەستداوە- بە پێی یاسا، ماوەی حەوت ساڵە پارتی ئەهلییەی یاسایی لەدەستداوە، بەوهۆیەشەوە داوایاساییەکانی پارتی لەسەر میدیا پوچەڵە** – سەردێر// (پسپۆڕانی بواری یاسا، داواکانی پارتی لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان بەحاڵەتێك ناودەبەن، کە بەدەرنییە لەحاڵەتی ڕۆژنامەگەری وڵاتانی عەرەبی کە تائێستاش ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لەو وڵاتە لەژێر سایەی (تیۆری دەستەڵات) بەڕێوە دەچێت)."45"

لەم نووسینە سەردێر و کۆپلەی یەکەم دووبارەیە. ئەو کۆپلەیەی لە شوێنی لید داندراوە، لید نییە، چونکە تەواوی وەڵامی پرسیارەکانی پێویستە لە لید هەبن: کێ؟، چی؟، لەکوێندەر؟، کەی؟ لەم نووسینە بەرچاو ناکەون.

## 2-12 گۆڤاری کۆوار:

//**ساقی بارزانی: میدیای کوردی لە گەڕەلاوژە دایە** – سەردێر// (میدیای کوردی لە گەرەلاوژەدایە و پەیامی ڕاستەقینەی لەبیر کردووە) ساقی بارزانی سەرنووسەری سایتی (کلاوڕێژنە) بەم تێڕوانینەی باس لە بارودۆخی ڕۆژنامەوانی کوردی دەکات و پەنجە بۆ ئەو کێماسیانە درێژ دەکات کە میدیای کوردی گرتۆتەوە)."46".

لە نووسینی لید، سەردێر و ڕستەی یەکەمی کۆپلەی یەکەم، نابێ بەهیچ شێوەیەك وەك یەك بن و هەمان واتا ببەخشن. لەم نووسینە وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی بۆ لید نووسین پێویستە دابندرێن نییە و نووسەر نەیتوانیووە، هەوێنی گوتارەکەمان لە کۆپلەی یەکەم بداتێ.

//**ڕێکخراوەکەی لەگەڵ ژنانی کورد هاوسۆزە** – سەردێر// (ڕێکخراوی ژنانی ئێراقی لە هۆڵەندا، ڕێکخراوێکی مەدەنی و سەربەخۆی ژنانەی عێراقییە و ئەندامانی ئەنجومەنەکەی لە ژنی (موسڵمان، مەسیحی، جولەکە، عەرەب و کورد) پێکهاتوون و لەلایەن حکومەتی هۆڵەندییەوە متمانەی کارکردنی پێدراوە و بۆ سەرخستنی پرۆژە و ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانیان ساڵانە هاوکاری مادییان دەکات). "47"

لید لەم گوتارە زۆر باش نووسرایە و سەرنجی خوێنەر بۆ لای تێکستەکە دەبات. تاکە کەموکورتی هەبێت، لەجیاتی وشەی مۆڵەت، (متمانە) بە هەڵە نووسرایە و پێویستیش بوو فۆنتی رەشکرابایە و کەمێکیش لە تێکست دوورخرابایەوە، ئەمەش پەیوەندی بە نەخشەسازییەوە هەیە نەك بە نووسین...

// **تەعجیل.. چیرۆکی شەش سەدە لە ئاوەدانی** – سەردێر// (هەولێرییەکان لەوەتەی هەن، پیرە قەڵاتییان سێبەرە و لوتکەی شکۆیان لە باڵای منارەدا دەدۆزنەوە، ئەوان هێندە هۆگری گەرەك و کۆڵان بە کۆڵانی شارەکەیانن، دەڵێی تاجی شانازی کاروانی تەمەنێکی درێژ و پڕ شکۆیان لەسەرناوە)."48"

ئەم کۆپلەیەی لە شوێنی لید بۆ ئەم نووسینە داندراوە، زۆر باشە، بەڵام بەتەواوی خوێندنەوەی نووسین، نازانی چ جۆرە ژانرێکە. ئەمە نە گوتارە، نە رێپۆرتاژ نە چیرۆك و نە پەخشان... لەنێوان راستی و خەیاڵ تێکەڵ بووە، ئەم شێوە نووسینە لەوانەیە زیاتر بۆ گۆڤاری ئەدەبی دەشێ، چونکە زیاتر زمانی ئەدەبی بەسەریەوە زاڵە.

### 2-3 1 گۆڤاری وێ:

//**رۆژی جیهانی ئافرەتان** - سەردێر// (چیرۆکی (هەشتی مارس) چیرۆکی ئەو ئافرەتە ئاساییانەیە کە شان بەشانی پیاوان مێژوو و کولتوریان دروست کرد و بەدیهێنانی ئاشتی لە وەتەی کۆنترین کەلتوری مرۆڤایەتی هاتە کایەوە و تاکو ئەمرۆ)."49"

لەراستیدا ئەو کۆپلەیە هیچ مانایەك نابەخشێ و بەزمانی کوردی نییە، بەتایبەتیش کە دەنووسێ: (بەدیهێنانی ئاشتی لە وەتەی کۆنترین کەلتوری مرۆڤایەتی هاتە کایەوە و تاکو ئەمرۆ). ئەم نووسینە ئەگەرچی بەزمانی کوردییە، لەگەڵ ئەوەش، خوێنەر لە مەبەستی نووسەر ناگات. لێرە گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، ئەگەر کەسێك مامۆستای زانکۆ بێت مەرج نییە، بتوانێ گوتار بنووسێ، بۆیە پێویستە سەرنووسەر بە نووسینە خراپەکان دابچێتەوە و بەزمانێکی ئاسان دایبڕێژتەوە.

//**شۆرشێك بۆ تەنیایی ئافرەت** – سەردێر// (لە کۆمەڵگای کوردەواری زۆر بەدەگمەن ژنانی گەنج دەتوانن بیٚ پیاو درێژە بەژیانیان بدەن نەك لە بەر کەم توانایی بەڵکو لە بەر لۆمەی خەڵك و توانجی خەڵکی، ئایا ژنان دەتوانن بە تەنیا لە ماڵێك و بیٚ هیچ ترسێك بژین؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لەخوارەوە بخوێنەوە:)"50".

لەم نووسینە، سەردێر خراپە، لید لە سەردێر خراپترە، بەتایبەتیش کە پرسیار دەکات و رۆژنامەنووس پێت دەڵیٚ، لەخوارەوە بیخوێنەوە. شێوەی نووسینی لید بەمشێوە دروست نییە و هیچ شتێکی نوێشی تێدا نییە.

//**مادده بێهۆشکەرەکان و کاریگەرییان لەسەر تاك** – سەردێر// (کەم کەس هەیە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ناوی مادده بێهۆشکەرەکانی نەبیستبێت، چونکە مادده بێهۆشکەرەکان لەسەرجەم کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانەی ئێمە و گشت پارچەیەکی سەرزەویدا بوونی هەیە مێژوویەکی دێرینی لە وولاتانی ڕۆژئاوادا هەیە و بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بوونی هەیە)."51"

لید پێویستە زانیاری راست بدات و سەرنجی خوێنەر بۆلای تەواوی نووسینەکە رابکێشیٚ. لە لیدی ئەم گوتارە یان لە کۆپلەی یەکەمی ئەم گوتارە، زانیاری هەڵەی تێدا، بەتایبەتیش کە دەنووسیٚ: (مێژوویەکی دێرینی لە وولاتانی ڕۆژئاوادا هەیە و بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بوونی هەیە). ئەم زانیارییە راست نییە، بەڵکو مەڵبەند و سەروچاوەی نارکۆتیکا، وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسایا و ئەمریکای لاتینە، نەك وڵاتانی رۆژئاوا.

بۆ ئەم توێژینەوەیە بە پێویستمان نەزانی، تەواوی رۆژنامە و گۆڤارەکانی لە کوردستان دەردەچن نموونەیان وەربگرین، چونکە لەلایەك گەلەك زۆرن و لەلایەکی دیکەش، بەناوەڕۆك و نەخشەسازی زۆر لەیەك دەکەن. جگە لەوانەی لەم توێژیەنەوەیە نموونەیان وەرگیراوە، بێشك ژمارەی زۆر زیاتر خوێندراونەتەوە، بەڵام لەبەر وێکچوونیان هێنانی نموونەی زیاترمان بە پێویست نەزانی.

**ڕاسپاردەکان:**

1- لید و کۆپلەی یەکەمی دوای لید نابێ لەیەك بچن و دووبارە بکرێنەوە.

2- لید و سەردێر تەواوکەری یەکترن، نەك دووبارەکردنەوەی زانیارییەکان.

3- پێویستە لید و تەواوی نووسینەکەی دوای لید بەیەك فۆنت بنووسرێن.

4- فۆنتی لید پێویستە ڕەش یان قەڵەو بکرێ.

5- لە نووسینی لید پێویستە بەلای کەم وەڵامی چوار پرسیارەکە: (*who* – کێ)، (*what* – چ)، (*where* – لە کوێ)، ( *when* - کەی) هەبێت.

6- لە نووسینی لید نابێ فێڵ لەخوێنەر بکرێ و زانیاری هەڵەی پێبدات.

7- لە نووسینی لبید پێویستە بیر لە ڕەوشتی ڕاگەیاندن بکرێتەوە.

8- لە نووسینی لید، پێویستە بەردەوام زانیاری نوێ و سەرنجراکێش هەبێ.

9- پێویستە لید بەو زمانە بنووسرێ، کە زۆربەی خەڵك تێیدەگەن.

10- پێویستە ڕۆژنامەنووسان بزانن، دانانی لید بۆ بەپسپۆڕکردنی ڕاگەیاندنی کوردی زۆر پێویستە.

11- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ فێرکردنی ڕۆژنامەنووسان لە چۆنێتی نووسینی لید بۆ بەهەمەکانیان.

## ئەنجام

ژمارەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی لەپاش راپەرین لە کوردستان دەردەچن، بەردەوام لەزیادبوون دان. ئەم زیادبوونەش، لەبەر کەمی کادری ڕاگەیاندکاری دەرچووی بەشەکانی راگەیاندن لە پەیمانگا و کۆلێژەکان، نەتواندراوە لەگەڵ زۆری و پێشوەچوونەکان هاوتەریب بێت و لە ناوەڕۆکیش ڕەنگ بداتەوە. ئەمەش بۆتە هۆی گەورە، کە تیراژی رۆژنامە و گۆڤارەکان لە ئاستی پێویست نەبن و نەتوانن خۆیان، خۆیان بژیێنن.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئێمە لەسەر: (نووسین و شیکردنەوەی لید لە رۆژنامە و گۆڤاری کوردی دا) گەیشتینە ئەو راستییەی: لە کوردستان تا ئێستا لید بەشێوەی سیستێماتیکی نانووسرێ، ئەگەر جار بەجار هەندێك نووسین لەشوێنی لید هەبن بەڕێکەوتە و بە بەرنامە و پلان نییە، چونکە لە لاپەڕەی داهاتوو بە هەڵە نووسراوە. جگە لەمەش زۆر گرنگ و پێویستە: فۆنتی لید رەش بکرێ، لەدوای سەردێر دابندرێ، لە ناوەرۆکی نووسین جیا بکرێتەوە، لەچەند رستەیەکی کورت پێك هاتبێت... هیچ لەوانە لە تەواوی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەی سوودمان لێوەرگرتوون بەرچاو ناکەون. جگە لەو تێبینیانەی سەرەوە، لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی، سەردێر لەگەڵ کۆپلەی یەکەمی نووسین، زۆر درێژە و زانیاری زیاد لەپێویست بە خوێنەر دەبەخشن، ئەمەش وا لەخوێنەر دەکات، پێویست نەکات هەموو نووسینەکە بخوێنێتەوە.

نە نووسینی لید رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی، بۆشاییێکی گەورەیە، لاوازییێکی بەرچاوە، بەدووریش نازاندرێ، هۆی گرنگ بێت بۆ کەمی تیراژ، چونکە نەتواندراوە بەرهەمی پێویست و باش پێشکەش بە خوێنەران بکرێ. لێرەوە بۆمان دەرکەوت، لە نووسینی گوتار و تەواوی ژانرەکانی دیکەی راگەیاندن، جۆرە کاڵییەك هەیە، جۆرە پەلەکردنێك هەیە، وایکردووە خوێندنەوەی بەرهەمەکان ئاسان نەبێت، لەهەمان کاتیش نە نووسینی لید راسەوخۆ کاریکردۆتە سەر نەخشەسازی رۆژنامە و گۆڤارەکان.

لێکۆڵینەوە لەسەر لید، زۆر گرنگە و بەیەك گوتار کۆتایی نایێت و ناتواندرێ پەنجە بۆ تەواوی کەموکورتییەکان ڕابکێشین و مافی خۆی پێبدرێ، بەڵکو ئەم توێژینەوەیەی ئێمە، کردنەوەی پەنجەرەیەکە لەسەر ئەم لایەنەی راگەیاندن کوردی، بۆئەوەی پسپۆران لە داهاتوویێکی نزیك زیاتر دەوڵەمەندی بکەن.

# كتابة وتحليل المقدمة للصحف والمجلات الكوردية

دخل الاعلام الكردي عقب انتفاضة اذار عام 1991 مرحلة جديدة ، وشهد قفزة نوعية كبيرة، حيث تم صدور عدد كبير من الصحف والمجلات في فترة قصيرة، تعذر خلالها انذاك توفير الصحفيين المتمهنين قياسا مع ذلك العدد، الامر الذي أدى الى خلق فجوة واسعة بين النوع والكم في الصحافة الكوردية، وبالتالي ظهور فراغ صحفي لم يشعر به القارئ الكوردي مقارنة مع المتخصيصن في تسليط الضوء على مكامن الخلل فيه، خاصة ان القارئ الكوردي بات معتادا على النوعية المتبعة في الصحافة الكوردية.

وعلى الرغم من ان العمل جاري خاصة فيما يتعلق بتطوير الصحافة المكتوبة من خلال الاهتمام بمظهر الصحف، كنوع الورق المجيد والتصميم الحسن واسلوب الطباعة العصرية، وتعد هذه بحد ذاتها خطوات ايجابية لتلمس القارئ هذه التطورات.

ففي الوقت الذي يجري العمل فيه على تطوير نواحي فنية تتعلق بالشكل يذهب المختصون الى اظهار مكامن الخلل في الصحافة الكوردية من زاوية اخرى، حيث يرى المختصون ان احدى المشكلات التي تعاني منها الصحافة المكتوبة الكوردية هو عدم اتقان كتابة المقدمة( مقدمة الخبر، مقدمة المقال)، ويعزون ذلك الى ان معظم الصحفيين لايمتلكون الخبرة الاكاديمية، وانما دخلوا الصحافة من باب الادب فى كوردستان او من اختصاصات اخرى.

من جانب اخر يرى المختصون ان السبب يعود ايضا الى الافتقار للمصادر النظرية باللغة الكوردية ، وان تخطى هكذا مشاكل ليس بالامر الهين، فضلاً عن قلة الكادرالمتخصص مما انعكس سلبا على فنون الكتابة، ككتابة المقالات وفنون الصحافة الاخرى، فضلا عن مشكلة اخرى سبتها الا وهي ان السرعة فى الكتابة ادى الى استسهال القارئ للقراءة.

لذا البحث الاكاديمي فيما يخص كتابة (المقدمة)، له اهميته ويحتاج الى الكثير للدراسات والبحوث في هذا المجال ولا يستطيع الباحث الاكاديمي تحديد جميع مجالات القصور والخلل في كتابة المقدمة، لذا جاء هذا البحث لفتح المجال كى يقف المتخصص على اثراءه.

كما ويتمثل اهمية هذا البحث فى انه يتناول احد انواع الصحافة الكوردية التى لم تلق الاهتمام الكافى تحديداً باللغة الكوردية من قبل. ويكمن هدف الباحث فى هذا البحث، فى خدمة الصحافة الكوردية، لغرض كسب معلومات اكثر وفهم اعمق لهذا لتوسع في الصحافة الجديدة .

وقد استفاد الباحث من مجموعة المصادر باللغات: الكوردية، الروسية، السويدية والانجليزية، وقد استفاد بالدرجة الاساس من الصحف والمجلات الكوردية كامثلة للبحث.

## The Lead in Kurdish Newspapers and Magazines

Kurdish media have entered a new era and progressed forward, both in quality and quantity, after the 1991 Uprising. Many newspapers and magazines were published in a short time. It was impossible to provide all these newspapers and magazines with professional journalists. Therefore, a big gap was created between the quantity and the quality of the Kurdish press. This led to the creation of what we call a journalism void the regular readers did not know about but the media specialists have pointed this void's errors out.

While the Kurdish media are improving in design and shape, the media specialists are pointing out their errors. One of these errors, the professionals notice, is that the Kurdish print media face incorrectness in writing the leads (news and article leads). The reason behind such an error, they emphasize, lies in that most of the journalists in Kurdistan have no academic experience or background and they came into the journalism world from literature or other professions.

Another reason of this error, the experts figure out, is the lack of theoretical sources about this topic (i.e., leads in news and articles) in the Kurdish language. An additional reason is the lack of the specialist staff in news and article writing and other journalistic writings. Finally, the hasty and inaccurate writing also leads to such errors.

Consequently, researching of lead writing is important and needs to more study and research. A researcher cannot identify all the reasons behind the errors in lead writing. Therefore, this study is an attempt to leave the door wide-open for the experts to enrich this topic. Also, this topic was not paid enough attention to in the Kurdish language. The goal of the researcher is to serve the Kurdish journalism and gain more knowledge and deep understanding of such an issue.

In writing this study, the researcher used and depended on different sources written in Kurdish, Russian, Swedish and English languages. His primary sources were the Kurdish newspapers and magazines as samples.

## پەراوێزەکان:


1- دێڤید راندالّ. رۆژنامەنووسی جیهانی (وەرگێرانی: محەمەد عەبدوللّا کەلاری).

چاپخانەی کارۆ. 2010، ل. 395

2- Ворошилов В. В. Журналистика. СПб., 1999. P.219.

3- http://wikipedia.org/Rudyard_Kipling

لەو کاتەی کیپلینگ لە ئەفرقا خەریکی کۆکردنەوەی مەتریال بۆ کتێبی منداڵان بەناوی:

(*Just So Stories*) دەبێت و ساڵی 1902 بەچاپی گەیاند، ئەم هەڵبەستەی بەمشێوە

نوسی:

"I keep six honest serving men
They taught me all I knew
I call them What and Where and When
And How and Why and Who" “1” http://wikipedia.org/Rudyard_Kipling
*Just så-historier* (1902; *Just So Stories*}

4- Elwood M. Wordlow چۆن بە شێوەیەکی باش گوتار بنووسیت و چاپبکەیت؟

http://chernila.org.ua/?p=26

5- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm, 1985. P.13

6- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm, 1985. P.13

7- هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 14-15

8- دێڤید راندالّ. رۆژنامەنووسی جیهانی (وەرگێرانی: محەمەد عەبدوللّا کەلاری).

چاپخانەی کارۆ. 2010. ل. 403.

9-http://community.livejournal.com/journalism_s/2772.html

10- SVENSKA DAGBLADET. Tisdag. 7 september 2010,
AFTONBLADET. Tisdag. 7 september 2010
City. 2010.09.09

11- کوردستانی نوێ. ژمارە 5303. پێنجشەممە 14-10-2010. ل.1

12- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm, 1985. P.13

13- کوردستانی نوێ. ژمارە 5303. پێنجشەممە 14-10-2010. ل.2

14- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm, 1985. P.15

15- کوردستانی نوێ. ژمارە 5303. پێنجشەممە 14-10-2010. ل.5
16- سەرچاوی پیش. ل.13
17- رۆژنامەی هەولێر. ژمارە 887. پێنجشەممە 14-10-2010. ل.2
18- سەرچاوەی پێشتر. ل.5
19- سەرچاوەی پیش. ل.6
20- سەرچاوەی پێشتر. ل.8
21- رۆژنامەی هاولاتی. ژمارە 671. چوارشەممە 13-10-2010. ل.1
22- سەرچاوەی پێش. ل. 5
23- سەرچاوەی پێش. ل. 5
24- سەرچاوەی پێش. ل. 6
25- رۆژنامەی خەبات. ژمارە: 3601. یەك شەممە 17 تشرینی یەکەم 2010. ل.2
26- سەرچاوەی پێش. ل.5
27- سەرچاوەی پێش.ل. 10
28- رۆژنامەی رۆژنامە.ژمارە 603. سێشەممە 12-10-2010. ل. 1
29- سەرچاوەی پێش. ل. 3
30- سەرچاوەی پێش. ل. 9
31- هەفتەنامەی زاری کرمانجی. ژمارە(264) دووشەممە 11-10-2010 ل.1
32- سەرچاوەی پێش. ل. 3
33- سەرچاوەی پێش. ل. 3
34- رۆژنامەی ئاسۆ. ژمارە (1324) چوارشەممە. 13-10-2010. ل.2.
35- سەرچاوەی پێش. ل. 2

36- سەرچاوەی پێش. ل.5
37- گۆڤاری هەفتەنامە. ژمارە 115. ل. 8
38- سەرچاوەی پێش. ل.14
39- سەرچاوەی پێش. ل. 16
40- گۆڤاری سڤیل. ژمارە 55. شەممە 16-10-2010. ل.4
41- سەرچاوەی پێش. ل. 22
42- سەرچاوەی پێش ل. 34
43- گۆڤاری لڤین. ژمارە 141. 10-10-2010. ل.13
44- سەرچاوەی پێش. ل. 17
45- سەرچاوەی پێش. ل. 20
46- گۆڤاری کۆوار. ژمارە 56. 8-2010. ل. 14
47- سەرچاوەی پێش. ل. 18
48- سەرچاوەی پێش. ل. 28
49- گۆڤاری وێ. ژمارە. 28 نیسانی 2010. ل. 5
50- سەرچاوەی پێش. ل.14
51- سەرچاوەی پێش. ل. 16

## کتێب و سەرچاوەی بۆ ئەم توێژینەوە سوودم لێ وەرگرتوون

**بەزمانی سوێدی:**


1- Björn Nöljer. Så snickar du en tidningsartikel. Borås, 1994
2- Catharina Grunbaum. Språkbladet. Borås, 1998
3- Lars J Hulten. Journalistikens villkor. Borå, 1993
4- Maria-Pia Boethuius. Mediernas svarta bok. Falun, 2001
5- Marshall McLuban. Media. Falun, 1999

6- Paul Ronge. När janne Josefsson Ringer.Falun,2009.
7- Rune pettersson. Rubriker. Nyköping, 2003
8- Stig Hadenius، Lennart Weibull. Massmedier. Falun, 2003
9- Sören Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm, 1985
10- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo, 1998

**بەزمانی روسی:**

1- Ворошилов В. В. Журналистика. СПб., 1999
2- Головня И. А. С чего начиналась фотография. М., 1991
3- Гуревич С. М. Номер газеты. М., 2002.
4- Засорина Т، Федосова Н. Профессия – журналист. Ростов н/д; 1999
5- Корконосенко С. Г. Основы творческой деятелъности журналиста. СПб, 2000
6- Лазутина Г. В. Профессионалъная этика журналиста. М, 1999
7- Лазутина Г. В. Основы творческой деятельности журналиста. М., 2000
8- Мельник Г. С. Mass-media: Психологические процессы и эффекты.СПб,- 1996
9- Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб., 2003
10- Накорякова К. М. Литературное редактирование. М., 1994
11- Самолетов С. А. Дизайн современной газеты. СПб., 1998
12- Сапан М. Печать курдской диаспоры: история и современное состояние. СПб., 1998

**بەزمانی کوردی:**

1 بەختیار کەریمی. بەرەورۆژنامەوانی مۆدێرن. دەزگای موکریان – هەولێر، 2006
2- دێڤید راندالْ. رۆژنامەنووسی جیهانی (وەرگێرانی: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری). چاپخانەی کارۆ. 2010
3- سەپان مەغدید، دکتۆر. ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (1450-1500)
کۆڕی زانیاری کوردستان- هەولێر، 2005

4- حەبیب کەرکوکی. هونەری رۆژنامەنووسی. و: سەمیرە ئەحمەد. دەزگای موکریان – هەولێر، 2008

5- عەبدولخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان رەحمان. کارامەییەکانی نووسین لە رۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا. چاپخانەی حاجی هاشیم – هەولیر. 2010

**ماڵپەری ئەلیکترۆنی:**

1- http://chernila.org.ua/?p=26
2- http://community.livejournal.com/journalism_s/2772.html
3- http://sv.wikinews.org/wiki/Wikinews:Hur_man_skriver_en_artikel
*4- Источник: Joun.ru–библиотека журналиста*
5- http://wikipedia.org/Rudyard_Kipling